میشیل فوکۆ فەیلەسووفی فەرەنسایی دەڵێت : شێتییەتی و پێغەمبەرێتی تەنیا چەند پلەیەکی کەمیان لە نێواندایە.. دەروونێکی پڕ لە موعانات و هەست و ئازار گەر گروتینی بداتە ناوەوە ئەوا دەبێتە شێتی بۆ خاوەنەکەی، بەلآم گەر گرو بڵێسەی ئەو ناخە بداتە دیوی دەرەوەی ئەوا شڵەقاندن و ڕوودانێکی زۆر لە دەروو پشت و لە نێو خەڵکی دا دروست دەکەن.

خەڵکی بەشێتیان ئەدامە قەڵەم
ئاخ ئەو ڕۆژانەی لەبەر بارانا
دڵی پڕ ئەشکم.. ئەتوایەوە
لە چاوەڕوانی دەم ئێوارانا
. . .
خەڵکی بە شێتیان ئەدامە قەڵەم
نازانن کە من (با) ئەخوێنمەوە
تنۆکی باران حەرفی شیعرمەو
ئاگری عەشق چوەتە خوێنمەوە
. . .
داد بۆ خوا ئەبەم نەهێڵێ بمرم
تا خامەم ژانم ئەهژنێتەوە
وەکو چۆن ساڵان بە تاڵی سپی
یادی لە قژما ئەنوسێتەوە

وشەی پایز .. با.. ئێوارە.. عیشق.. غوربەت.. کاتێک شاعیر لە شیعرەکانیدا بەکاریان دێنێ ڕۆحێکی جوانکاری هونەریان دەکاتە بەر. ئەم وشانە بە گشتی ئازارو خەمەکانی دەردەخەن، هەر خەم و ئازارێکی ڕەنگێک دەپۆشن ،وشەو دێڕە شیعرییەکان هەروەک کەرنەڤاڵێکی گەورە گەڵای خەزان دەپۆشن و سروودی وەرزەکانی مێژوو، سەرگوزەشتەی هەوڵدانی مرۆڤ

www.arsivakurd.org

ناسک زیاتر ئومێدمان بەژیان پتەو دەکات و وامان لیٚ دەکات زیاتر هەست بە جوانی ساتەکانی ژیان بکەین. شتێک دەمێنێتەوە کە مرۆڤ دەخاتە دلهرە "القلق" لە چوارچێوەی سنووری بووندا بە مانا واقیعیەکەی و دەبێتە مەبەستێکی دوانەهاتوو کە بریتییە لە پرسیار کردنی بەردەوامی دەربارەی مانای بوونی وەک مرۆڤێک کە سنوورێکی دیاری کراوی هەبیٚ لە تواناو زانیندا.. پرسیارکردنی دەربارەی مانای بەختەوەری ، دەربارەی ناخۆشی و نائومێدی بەردەوامی ژیان، مرۆڤ لە نامۆییدا دەژی بە زۆری یان بە کەمی بەڵکو بە شێوەیەکی تر نامۆیی لە ناخی مرۆڤدا دەژی و هەموو دیاردەکانی دەورو پشت لە مرۆڤ و سروشت دەبنە شتێکی نامۆ..

مرۆڤ لە ئاست ئەم نامۆییەدا بەربەرەکانی لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەکات و تەمەنی نامۆیی مانای تەمەنی هەوڵدانی مرۆڤ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی نامۆیی چارەنووسە بەڵام چارەنووسێکی رووخێنەر نییە کە ویستی (ئیرادە)ی مرۆڤ تووشی ئیفلیجی بکات . ئێمە لە جیهانێکدا لەدایک بووین کە لە یەکەم ساتەوە نامۆیی چاوەڕێمان دەکات.

بێگومان نامۆیی لای هیگلٚ بریتییە لە نامۆبوون لە کۆمەڵگاو واقیع کە دەبێتە نامۆ بوون لە خود (ذات) هەروەها کۆمەڵگاش لە (ذات) نامۆ دەبێت، ئەمەش مرۆڤ بەرەو نامۆ بوون دەبات بەرامبەر عەقڵی خۆی.. چارەسەر یان رزگاربوون لە حاڵەتی نامۆ بوون بەوە دەبیٚ کە مرۆڤ واز لە زاتی خۆی بهێنێت و خود پەرستی بخاتەلاوەو تێکەڵ بە کۆمەڵەکەی ببیٚ، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گەرانەوەی چالاکییەکانی عەقڵ، هەروەها خۆشەویستی و عیشق (ذات) لە قولایی نامۆبوون دەردەهێنێت و جارێکی تر مرۆڤ جیهانێکی نویٚ و رۆحێکی نویٚ دەبینێت..

بە گشتی نامۆ بوون هەموو ئەو هێزو دەستەلاتانەن کە مرۆڤ لە هەست و سۆزی راستەقینەی سروشتی خۆی دوور دەخەنەوە و نایەڵن بە تەواوی هەست بە خودی راستەقینەی خۆی بکات،ئەمەش بە هۆی هەندیٚ هۆی نەبوونی و دژواری باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ناڵەباری چینایەتی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی. ئەم هۆیانە هەموو بە گشتی بوونەتە هۆی قووڵ کردنەوەی غوربەت لای شاعیر .هەست دەکات بەردەوام زۆر لە هەست و ویستی راستەقینەی خۆیەوە دوورە، ژیان لای شاعیر بەم جۆرە دەبێتە زنجیرەیەک لە نامۆبوون کە هیچ لایەنێکی ترووسکایی تیا بەدی ناکریٚ، رەشبینی دەبێتە روانگەیەک بۆ وورد بوونەوە لە واقیع و دەوروبەر ئەم حاڵەتە رەشبینییە بەردەوامە وای لیٚدیٚ کە ببێتە بارێکی ئاسایی لای حەمە عومەر عوسمان، بەڵکو ببێتە هەوێنی شیعرێکی رەنگار رەنگ، دەبێتە سیمفۆنیایەکی ئەبەدی گەشبێن:

*** لە غـوربەتـــا ***

سینەی پڕ ئاهم.. هەوریٚ تیا دەگری و
لە چاوانمەوە.. باران داناکا
عومریشم بەفری بەر هەتاوێکە
هەر ئەبیٚ بەشوێن مردنا ڕاکا
---
کیٚ بیٚ پایزی دڵی ئاوارەم
بنێتە کۆشی قرمزی بەهار
کەشتییەکی وێڵ لە دەریای تووشا
تۆبڵیٚ ی ڕۆژیٚ بگاتە کەنار
---
کەسێک لە گڕا گەر هەڵنەقرچیٚ
لەسەریا بەفری عەشق داناکا
نازانیٚ پشکۆو هەڵقرچان چییە
شنە لە سارای دڵیا هەڵناکا
---
ئای لە شەوانی ئێشک و کزەو سۆز
لەسەر تەرمی دڵ ئەشکی زۆرم ڕشت
مۆمم فرێدا.. کاتیٚ کەبینیم
دەیان پەپوولەی شۆخ و شەنگی کوشت
---
بەفری بەر هەتاو چییە جوانییەکەی
گەر خوێن نەهێنیٚ لە دەستی گزنگ
ئەگەر نەبێتە جەنگەڵیٚ هاوار
کە توانەوە عومری نایە چنگ

دارشتنی هەستێکی وا جوان لە چەند چوارینەیەکی شیعریدا.. دەرخستنی ئەو هەموو حاڵەتە دژوارانەی دەروون و ئەو خەمە قووڵانەی شاعیر لە چوارچێوەی دێرە شیعرەکانیدا دەبێتە ئومێدێک و جوانییەکی بەردەوام . لە هەمان کاتدا ئەو ئیحائە شیعرییە بەرزانە وامان لیٚ دەکەن داوای شیعری زیاترو مۆسیقای زیاتر لە شاعیر بکەین.

حەمەعومەر عوسمانی شاعیر لە خێزانێکی هەژارو کەم دەرامەت هاتۆتە دنیاوە کە ژمارەی ئەندامانی شەش کەسن .. بوونی باوکێکی ئیفلیج و برایەکی ئیفلیج و دایکێکی نەخۆش بوونەتە قووڵ بوونەوەی نامۆیی و دوور کەوتنەوەی شاعیر لە کۆمەڵگاوخەڵکی.. ئەم باری تەنیاییەو نەبوونی دەستێکی خۆشەویستی کە کەمێک لە خەمەکانی کەم بکاتەوە بوونەتە هۆی بارێکی دەروونی ئاڵۆز.

زۆربەی جار لە چەند بەیەک گەیشتن و دانیشتنێکدا کە پرسیاریان لە (حەمە) دەکرد سەبارەت بە مەبەستێکی دیاریکراو ئەو وەڵامێکی تری ئەدایەوە یان زۆر جاران بەبیٚ هۆ توورە دەبوو، هەڵدەچوو، تەنانەت گەر یەکێک شاعیری لە نزیکەوە نە ناسیایە هەرگیز باوەری نەدەکرد ئەم خاوەنی ئەو شیعرە جوانانە بێت . زۆر لە برادەرانی پێیان دەگووت : پێویستە تۆ تەنها شیعر بڵێیت و هیچی تر، چوون یەزدان تۆی تەنها بۆ شیعر وتن خوڵقاندووە.

لێرەدا حاڵەتی رۆمان نووسی گەورەی رووس« ڤیودور دوستویفسکی » مان دێتەوە یاد کە بەردەوام لە ژێر باری نەخۆشییە دەروونییەکانیدا ناڵاندوییەتی ، زیاتر لە حاڵەتی فیٚ لیٚهاتندا تلاوەتەوە.

لێرەدا جیاوازی بەینی نەخۆشێکی دەروونی ئاسایی و نەخۆشێکی دەروونی نائاسایی و داهێنەر دەبیٚ چی بێت ؟هەردووکیان زیاتر پڕن لە هەستی نائاگایی و نائاگایی (اللاشعور) بەشێکی زۆری کیان و ناخی گرتونەتەوە، بەڵام ئەم هەستە نائاگاییە لای نەخۆشە ئاساییەکە دەبێتە وڕێنەیەک و هیچی تر، بەڵام لای هونەرمەندو داهێنەر نا ئاگایی دەبێتە شێوەیەکی دارێژراو بە شێوەی نۆتای مۆسیقا.. دەبێتە شیعر.. دەبێتە تابلۆ..

www.arsivakurdi.org

## حەمە عومەر عوسمان

# شاعیری عیشق و پایز و غوربەت

کامەران شەوقی

مەحوی دەڵێت:

چ خاکێ کەم بەسەر خۆما مامەوە تاک
بەلێو ئاە و بەچاو ئەشک و بەسەر خاک
دەزانی دنیا جیفەیە دەحەیفە وەک سەگ،
ئەم شەڕو شۆرە لەسەر لاک

با لەگەڵ مەحوی نەمردا سەیرێکی ئەم جیهانە ئاڵۆزو پڕ مەترسییە بکەین؛ سەیرێکی ئەو ڕووداوە گەورەو خێرایانە بکەین کە نزمترین نرخ و پایە بۆ مرۆڤ دائەنێن.. نرخی بێ کەڵک ترین شت لەگەڵ نرخی مرۆڤێکدا بەیەک چاو سەیر دەکرێن.. هەزارەها ڕۆح و گیانی خەڵکانی بێ تاوان بەهۆی تازەترین و سامناکترین چەک لەناو دەبرێن ئەمە لە چاو تروکاندنێکدا بێ ئەوەی کەسێک لەسەری بێتە وەلاّم..

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت بەرامبەر ئەم جیهانە پڕ شۆڕو ئاڵۆزو بێ مانایە بیلێین، ئەمەیە: ئایا هونەرمەند یان شاعیر دەتوانێ چی بڵێ لەئاست ئەم زوڵم و لەناوبردنە؟ ئایا ئەتوانێ دەستی غەدرو وێرانکاری رابگرێ و لە رادەی تاوان کەم بکاتەوە؟ وەک هینری میللەر دەڵێت" ئێمە لەم سەردەمەدا دەنگێکی شیعریمان دەوێت بتوانێت لە ئاستی یان بەرامبەری دەنگی بۆمبی ئەتۆم بوەستێتەوە، دەنا شیعر هیچ کارێکی یان رۆڵێکی کاریگەری وای نابێت لە ژیانی ئەمڕۆماندا".

ئەوەی گرنگە ئەو زمانە نوێ یەیە کە بتوانێت بە شێوەیەکی نوێ لە موعانات و کارەساتەکانی مرۆڤی ئەمڕۆمان بدوێ، شیعری نوێ لێرەدا ئەوەناگەیەنێت کە شاعیر شیعرێکی بێ وەزن و قافیە بنوسێت و ناوی شیعری هاوچەرخی لێبنێت .. شیعر پێش هەموو شتێک خەون و "رونیا" یە. من لەو بڕوایەدام شاعیرێکی وەک مەحوی پێش سەدەیەک زیاتر توانیویەتی لەو لێرەدا راستگۆیی شاعیر لەگەڵ هەست و ڕووداوەکانی سەردەمەکەیداو هەتا چەند تەجروبەی ژیانی و ڕۆحی و ڕادەی ڕۆشنبیری کاریان لە بەرزی ئەو داهێنانە هونەرییە کردووە.

ئەوەی باوە لای شاعیرە نوێ یەکانمان،ئەوەیە کە وا دەزانن شیعری بەرز ناوەڕۆکی گەورەو.. بەکارهێنانی وشەو زاراوەی زۆر دروستی دەکەن.. لەبەر ئەوە زۆر بەکەمی دەنگی شیعری تایبەتی دەبیستین کە خاوەنەکەی شێوەیەکی جیاوازو دەنگێکی شیعری تایبەتی هەبێت و توانیبێتی لەو سنوورە ئاساییە بچێتە دەرەوەو بگاتە ئاستی شیعری هاوچەرخ.. گرنگ لێرەدا بەکار هێنانی هونەری و شێوەی بەرزی ئەو دارشتنە ڕۆحی یەیە بۆ ئەوەی بگاتە رادەی داهێنان. ئێمە لەم سەردەمەدا پێویستمان بە زمانێکی نوێ هەیە. یان وەک ڕامبۆ، شاعیری فەرەنسایی دەڵێت" پێویستە ئەو زمانە کۆنە شیعرییە بتەقێنینەوەو لە پارچەکانی ئەو تەقینەوەیە زمانێکی نوێ دروست بکەین کە هاوشانی موعانات و گۆڕانکاری ئەمڕۆمان بێت ..". لە ئیسپانیا بۆمبابارانکردنی گوندی (گۆرنیکا) لەلایەن فاشییەکانەوەو کوژرانی ژمارەیەکی زۆر بێتاوان بووە هۆی بزواندنی هەستی زۆر لە هونەرمەندان، لەشاعیرو مۆسیقار و رۆماننوس و نیگارکێش و .. هەموو دەیانویست لە ڕاستی و ناخی ئەم کارەساتە گەورەیە بدوێن و باسی گەورەیی ئەم تاوانە بکەن و بیخەنە بەر ویژدانی جیهانی .. بەلاّم پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێکی زۆر بەسەر "گۆرنیکا" و کارەساتەکەیدا تەنها چەند بەرهەمێک، کە بەسەری پەنجە دەژمێردرێن توانیویانە بمێننەوەو نرخ و پایەی هونەرییان رۆژبەرۆژ لەزیاد بوندا بێت. .

مەبەستم لێرەدا ئەوەیە زەمەن یان کات تەنها دادگا و حەکەمێکە بۆ بڕیاردان لەسەر چاکی و خراپی بەرهەمێکی هونەری.. لە چەند ساتێکی کەمەوە ڕوویداوە..

لێرەدا هونەر دەبێتە پێویستییەکی رۆحی گەورەی مرۆڤ، وەک هەموو پێویستییە مەترپالییەکانی لەنان و ئاو و...

لە ئێران شتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشەر هەیە، لەماڵەکاندا دەبێت دوو کتێب هەبێت، یەکەمیان قورئانی پیرۆز دووەمیان دیوانی حافزی شیرازی ،شیعری شاعیرێکی وەک حافز لای خەڵک پیرۆزە هەروەک چۆن وشەی قورئان لایان پیرۆزە، لێرەدا وشەی شیعری نزیک دەبێتەوە لەوەحی و وشەی خواوەند.. لەڕێگای ئەو رۆحە تەسەوفییە بەرزەی حافز. رامبۆی فەرەنسی ، پێغەمبەری شیعری هاوچەرخ، زیاتر ئیمان و باوەڕی بە( کیمیای وشەکان) هەبوو. وشە لای رامبۆ وەک هەموو دیاردەیەکی مەتریالی هەست پێکراو رەنگ و بۆنی هەبووە هەروەک لە ئەفسانەی یۆنانیدا ئەم مەبەستە دەبێتە( گوێ دەبینێ و چاو دەبیستێ) بە مانایەکی تر هەموو دیاردە دیارو نادیارەکانی گەردوون دەبنە یەک دیاردە لە چوارچێوەی یەکبوونی بووندا "وحدە الوجود" گەردوون دەبێتە بەشێک لە وشەی مرۆڤ هەروەها وشەش دەبێتە بەشێک لە گەردوون ..

حەمە عومەر شاعیری باوپایز شاعیری غوربەت و نائومێدی ، شاعیری عیشق و جوانی شاعیری ( لە غوربەتا) کە ناوی کۆمەڵە شیعرەکەیەتی .. ئەم دیوانەی بۆ ماوەیەکی زۆر ببووە ئینجیلی رۆشنبیرە لاوەکان.

*جوانی تەمەن کورت .. عەشقێک ئەبەدی*
*بۆ زەردە پەڕێ لە ئاوابوونا*
*وانەی مەشقێکی بێ کۆتاییە*
*لەجوان پەرستی دڵەی زەبوونا*

* * *

*چی سامناکترە..چی غەمنا کترە*
*لە منێکی تەنیای ناو دۆزگەی چۆڵ*
*گیانێکی ماندوو.. هەستێکی (نالی)*

www.arsivakurdi.org

لەسەر پایەی ئەخلاق پتەوی بکاتەوە.لە هەمان دەقدا سوورەی بەرەهمەن بەڵگەی ئەم قسەیەیە. بە دەربڕینێکی دی ، لە بودایی دا هەڵبژاردەیی و بەرەهمەنی بەندە بە پاکی و زانیاری مرۆڤەوە.

ئەگەرچی لە نێوانی یاسای بەرەهمەنی و ئایینی بودایا جیاوازی بیرکردنەوە کەوتە نێوانەوەو مشت و مڕ گەرم بوو ، بەڵام زەمینەی فیکری لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا و سەراپای قوتابخانە باوەکانی دیکەدا بە ئەندازەیەک بوو، کە دەتوانرێت بودایی بە گەوهەری دارمای هیندی ناو ببرێت.

بنەمایی ترین جیاوازی لە نێوان یاسای ئۆپانیشاد و بودایی دا لە جۆری بەدەستهێنانی ئازادیدایە. سوونەتی ئۆپانیشاد زانست و تێگەیشتنی یەکێتی خۆیی و خودایی بەرێگەو مانای ئازادی دەزانێت، بوداییش دوا کەوتوویی بە هۆی پیس بوون و نەخۆشی مرۆڤ دەزانێت. بەڵام زیاتر پێ لەسەر لایەنێکی دیکە دادەگرێ و هەر ئەوەش بوو کە بودا توانی رێگەی خۆی لەسەر یاساو پەیڕەوی پزیشکی ئەو رۆژگارە پتەو بکات و دایرێژێ .

زانستی پزیشکی لەو سەردەمەدا پشتی بە چوارقۆناغ دەبەست بۆ تیمار کردن: یەکەم ناسینی نەخۆشی؛ دووەم ناسینی سەرچاوەی نەخۆشییەکە؛ سێیەم ناسینی شێوەی دەرمانکردنی و نەکردنی؛ چوارەم ئەگەر نەخۆشییەکە بەدەرمان چارەدەکرێ، ناسینی ڕێگەی بەکارهێنانی دەرمانەکە.

بە بڵاوکردنەوەی ئەم بیرو رایە، بودا دەرسێکی بەهێزی ئەو زانایانەی دادا کە لەو رۆژگارەدا بەبێ گوێدان بە مەبەستیان ، دەستیان بە لێکدانەوەی جیهان کردبوو. لە مەڕ سەرەتاو کۆتایی و چۆنێتی"بوون" قسەیان دەکرد. بودایی لاری نەبوو لەخوا، بەڵام باسکردنی ئەم مەسەلەیەی لە لایەن ڕێبوارانی ئازادییەوە بە شتێکی زیادە دەزانی و لەو باوەڕەدابوو ئەم دوو جەمسەرە پەیوەندییان پێکەوە نەبێت، ئەوەش کە لەمەڕ باوەڕ نەبوونی بودا بەخوا، قسەی لەسەر دەکرێ، ئالەم ئەنجامە ناوەکیەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ. چونکە بودا بروای بە پایەداری خاوەند نەبوو لە جیهانداو هەرگیز خۆی بە مەسەلە میتافیزیکییەکانەوەخەریک نەکرد. لە ئایینی بودایی دا هەر بیروڕایەک، هەر فەلسەفەیەک، لە خزمەتی مرۆڤدابێت و یارمەتی دەری بێت بۆ بەدەست هێنانی ئازادی شتێکی رێز لێگیراوە. بە پێچەوانەیشەوە هەر شتێک مرۆڤ لەو مەبەستەی دوابخات (گەیشتن بەئازادی ـ وەرگێڕ) ئەوە ڕەتدەکرێتەوە.

ئەگەر مرۆڤێک عەودالی ئەوەیە بە ئەزموونی بێداریدا تێپەڕێت، پێویستە جیهان لە مەیدانی ئەزموونی گشت مرۆڤایەتیدا هەڵسەنگێنێت و لەو بوارەدا ڕێگای ئازادی خۆی بەدی بکات و بکەوێتە سەری.

ئەم شێوە بیرکردنەوەیە مەودایەکی فراوانی خستە بەردەمی بوداو ئەویش توانی لە مەدارو چوارچێوەی بیری گشت بەرامبەرێکیدا قسان بکات و گشت بیروڕایەکیش لە ئاستی بیرکردنەوەو زمانی خۆیدا هەڵسەنگێنێت و ڕەخنەی لێبگرێت.

ئا بەم جۆرە لە نێو مەزهەب و بیروڕا فەلسەفییەکاندا بودایی وەک " فەلسەفەی بەرز" دەرکەوت و هەموو ئەو بیرو بڕوایانەی گرتنە خۆی، بەبێ ئەوەی جەوهەری خۆیشی بدۆڕێنێت.

**ماویەتی**

* * *

پەراوێزی ئەم بەشە:

20- Moksa

21- Maha parinibbana.

22- Sancetana

23- Budh

٢٤ـ شوێنی بێدار بوونەوەی بودا. واتە بوگایای نزیک شاری نبارس . ئەم شوێنە زیارەتگای بوداییەکانی گشت جیهانە.

25-Tathag

26-BHAGAVA.

27-PACCABUDDHA.

28-Majjhima Patipada

٢٩ـ ناوچەیەکە لە سەرووی هیندستان، دراوسێ ی شوێنی لە دایک بوونی بودایە.

---

تێبینی:

لە بەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا چەند هەڵەیەکی چاپەمەنی تێدابوو لێرەدا راستیان دەکەینەوەو داوای لێبوردن لە خوێنەران و لە وەرگێڕی بابەتەکە دەکەین .

١)لاپەڕە ٤٢ دێڕی ٣٧ *بهێڵێت* هەڵەیە *جێبهێڵێت* راستە.

٢)هەمان لاپەڕە دێڕی ٤٠ *موشکا* هەڵەیە *موکشا* راستە.

٣) لاپەڕە ٤١ دێڕی ٣٤ ستونی ناوەڕاست *دەیانهێنێتەوە* هەڵەیە *دەیانهێڵێتەوە* ڕاستە.

٤) هەمان لاپەڕە دێڕی ٢ ستونی سێیەم *بێ ئازادی* هەڵەیە *بێ ئازاری* ڕاستە.

٥) هەمان ستوون دێڕی ٢٧ *ئەم یەم بوونەیان* هەڵەیە *ئەم یەکبونەیان* راستە.

www.arsivakurdi.org

و گەیشتن بە نیروانا. لەو نازناوانەی، یەکەمیان" تیتهەگاتا"٢٥ یەو بەمانای سەرهەڵگرتوو یاخود " بەو حاڵەتە گەیشتووە" دێت. دووەمیان " ئاراهات ـ Arahat" ـە کە دەقاودەق مانای بەرێزو خاوەن شکۆ دەدات بە دەستەوەو سێیەم وشەی " بهاگاڤا"٢٦ یە کە بەمانای دەستەلاْتدارو خوداوەند دێت.

* * *

کاتێک بودا بە کەناری عافییەت گەیشت و ئازادی بەدەست هێنا، لەبەردەمی دەروازەی پان و بێ سنووری نیروانادا بەرەو ڕووی مەسەلەیەکی تازەبۆوە. ئەم مەسەلەیەش راپێچی کرد بەرەو تێڕامانێکیووردو بەدیقەت کە لێرەدا تۆوی گەورەترین دووبەرەکی دەروونی بودایی خۆی حەشارداوە.. مرۆڤ کاتێک ئازادی و رزگاری بەدەست دەهێنێت، کام ڕێگایە دەگرێتە بەر؟.

ڕێگایەک هەیە ڕێگای تەنیایی و گۆشەگیرییە، هەرکەس وازی لە دنیا هێناو ئەو ڕێگەیەی گرتەبەر دەبێت تاکو ئەو رۆژەی لاشەکەی دەمرێت و دەبێتە رێبواری کاروانە گەورەکە، هەر بەو جۆرە بمێنێتەوە. ڕێگەیەکی دیکەش ئەو ڕێگەیەیە کە بەرەو ژیانی ئاسایی جیهان دەگەڕێتەوەو ڕێبواری ئەم ڕێ یە بەرەو کەسانی جیهان دێتەوەو ئەزموونی خۆیان بۆ باس دەکات، بۆ ئەوەی ئەوانیش بەرەو کەناری عافێت سەر هەڵبگرن.

ڕێگەی یەکەم لە قوتابخانەی( تراڤادا) دا جێگەی خۆی گرت و ناوی ڕێگەی تاقە بودایی ٢٧ بەسەردا برا. بەلاْم ڕێگەی دووەم ئەو ڕێگەیە بوو بودا گرتی و لە قوتابخانەی (ماهایانا)شدا چەند دوورییەکی بە خۆیەوە گرت ، هەر کەسەیش لە سەر بنەمای ئەم ڕێگەیەوە جیهانبینی و زانستی ڕەوشتی "علم الاخلاق" دارشت.

بودا کەوتە سەر ئەو باوەڕەی ڕێگەی خۆی پیشانی مرۆڤایەتی بدات ، ئەوەبوو چاکی کرد بەلاداو لە (سارنات) کەوتنەقسەکردن و چەرخی حەقیقەتی بودایی خستە گەڕ:" بیستوومە ئەو پایە بەرزە ڕۆژێکیان لە (باخی ئاسک) ی "تیسیپاتانا" ی نزیک شاری بنارس مەنزلی گرتووەو بەم جۆرە لەگەڵ پێنج ڕێبواری " عەودالی حەقیقەت " دا دەکەوێتە گۆ:" ئەی ڕێبوارینە، ئەوکەسەی مەنزلی خۆی جێ هێشتبێ لە دوولاوە خۆی لە زیادە رۆیی بپارێزێت. ئەم دوولایەنە کامەن؟ دڵبەستن بە خۆشی و لەززەتەکانی دنیا، کە ئەمە کارێکی هەڵەیەو چ بەهاو سوودێکی نیە و ڕێگەی عەوامە. ئەوی دیکەش خوودانە ریازەتی زۆرە، کە ئەمەشیان کارێکی بە ئازاروو بێ سوودە".

" بودا، خۆی لەم دوو ڕێگەیە بەدوور گرت و ڕێگەی ناوەندی ناسی و٢٨ زانستی بەدەست هێنا، چونکە ڕێگەی ناوەند ڕێگەی ئارامی و زانیاری و ڕووناکییە.. ئەمەیە ڕێگەی نیروانا".

ئەم وتارە بنەمای بودایییەو لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەو ئاینەیە. پێویستە بڵێین بودا بەزمانی خەڵکی هاتە قسە، بەو جۆرەش خۆی لەو یاسا باوەی هیندۆکان رزگارکرد. هەروەکو پێشتریش گوتمان خۆ بەدوور گرتن لە زمانی ڕەسمی زانا کلاسیکییەکانی هیندۆیی، واتە زمانی سانسکریت خۆی لە خۆیدا یەکەم نیشانەی شۆڕشی نوێ بوو.

بە شێوەیەکی دروست نازانین زمانی بودا کام زمان بووە، بەلاْم ئەو کۆمەڵە ئەدەبیاتە پیرۆزەی بودایی کە بە میراتی (بودا) ناوبانگی دەرکردووە، بە زمانی (پاڵی) نووسراوەتەوەو لێکۆڵەرەوەکانیش لە بارەی ڕەچەڵەک و ڕەواجی ئەم زمانەوە بیروڕایان یەک ناگرێتەوە. زۆربەی پاڵی ناسە گەورەکان بۆ ئەوە دەچن ئەم زمانە زمانی ڕەسمی و ئەدەبی ناوچەی ماگادا ٢٩ بووە. دیارە بوداش لەم ناوچەیەدا گەلێک چالاکی نواندووە. هەروەها لە دەقە(ماگادی)یەکانیشدا هێما بۆ زمانی (پاڵی) کراوە. ئەمە جگە لەوەی کاریگەری زمانی (پراکریت ماگادی) بەسەر زمانی "پاڵی" یەوە دیارە. وشەی پاڵی خۆیشی بە مانای " تێکست " دێت.

هۆیەکی دی کە ئایینی بودایی لە یاسای هیندۆیی جوداکردەوە، ڕەتکردنەوەی سەرچاوە (ودایی) یەکان بوو . واتە ئەدەبیاتی سوننەتی هیندۆ. بودا، لە پێناوی تێگەیشتن و بەدەست هێنانی ئازادیدا هیچ سەرچاوەیەکی بێجگە لەبیرکردنەوە، قووڵ بوونەوە، خۆماندووکردن و کردەوەی چاک پەسەند نەدەکرد. بودا، ڕێبوارانی لە پەیڕەوی کوێرانە، تەنانەت لە کەسانی وەک خۆیشی بەدوور دەگرت. جارێکیان لە بەردەمی داواکاراندا ئاینەکەی خۆیشی بەبێ مانایی دایە قەڵەم و گوتی هەرکات گەیشتنە کەناری عافێت دەبێت وازی لێ بهێنرێت . هەروەکو چۆن کاتێک دەگەینە شوێنی مەبەستمان ئیدی کەشتییەکەمان جێدەهێڵین .

هۆی سێیەم کە دارمای بودایی لە یاسای دێرینە دوور خستەوە، بێ موبالاتی بودا بوو بە یاسای چینایەتی و کۆمەلاْیەتی . ئابووری هیندۆ کە بە مەزهەبی کلاسیکی بەرەهمەنەوە گرێدرابوو. لە تێکستە بوداییەکاندا چەند پارچەیەک بەدی دەکرێ کە تیایاندا توێژی بەرەهمەن و پەیڕەوکاران جێگەی تایبەتییان هەیە. هەروەها لە هەمان تێکستدا (دەمماپادا) . ڕێگای هەق . هێمایان بۆ کراوەو زانیارییان لەسەر خراوەتەڕوو و گفتوگۆیان لەسەرکراوە.

هەروەها خودی بودا بە هۆی پەسەندکردنی توێژی هەڵبژێردراو(شاکان . Ksatriya) لەلای میرەکان خۆشەویست و لەبەر دڵان بوو. بەلاْم لە هەمان کاتدا لێکۆڵەرەوانی بودایی جەغد لەسەر ئەوە دەکەن ، کە بودا ویستوویەتی ئەم توێژە لە چوار چێوە میراتییەکەی رزگاربکات و جارێکی دی



www.arsivakurd.org

سیدارتا. ش هەروەکو ئەم دەستەیە لە تەمەنی ٢٩ ساڵیدا وازی لەماڵ و خێزان هێناو جلی راهیبی کردە بەرو رێگەی ریازەتکێشانی گرتەبەر. شەش ساڵ لەم دێرەوە دەچوو بۆ دێرێکی دی و رەفتارو شێوازی پێشەوا مەزنەکانی وەردەگرت و کەوتە پەروەردەکردنی نەفسی خۆی. بەلاّم هیچ یەکێک لەمانە ئەویان رازی نەکردو هەنوکە دەردی جیهانی لەتەواوی ژیانی خۆیدا هەست پێدەکرد. هێشتا وەکو بەلای ئەوەوە رەمزی ژیان شاراوەو نادیار بوو. دەگێڕنەوە لە هەموو شتێک دڵ سارد ببوو، نیازی هەبوو بەرەو دنیا بگەڕێتەوە. لەم بارەیەوە ئەو ئەفسانەیەی کە باس لە جەنگی نێوان بودا و مارا . شەیتانی دڵەراوکێ ی مەرگ . یەکێک لە داستانە گەورەکانی فەرهەنگی بودایی پێکدەهێنێ. ئەوەبوو مارا بە گشت سوپاکەیەوە . سوپای تەماع ، سوپای شەهوەت (شەوەت)

سوپای ترس هێرشێکی گەورەی هێنایە سەر سیدارتا، ئەم هێرشە ئەوەندە

بەرین بوو، زەوی کەوتە لەرزە. بەلاّم سیدارتا لە قوڵایی دەروونییەوە توسی ئەم هێرشەی بنجبڕ کردبوو، سوپای مارا ی تارو مار کردبوو. ناچار ئەوانیش خۆیان پێ رانەگیراو سپیدەی بەیانی بوو چریکاندی :

" ئەی وەستا باشی بینیمیت ،

ماڵێکی دی دروست مەکە ..."

ئیتر دەروازەکانی گومڕایی شکان و شەم کوژانەوەو دەریا ئارامیان گرت و گوڵ پشکوتن، لەبەر ئەوەی ئیدی بودا ( سیدارتا ) بێدار ببۆوەو ئایینی بودایی هاتبووە جیهانەوە

بودا نازناوێکەو لە رەگی (بوده . ٢٣ Budh) وە هاتووە کە مانای بێدار بوونەوە دەگەیەنێت و لە هەمان کاتیشدا بکەری نادیاری هەمان رەگە. واتاکەشی کەسێکی بێدارەوەبووی خاوەن ڕۆشناییە. بەپێی نەریتی بودایی ، جیهان هەزاران بودای بە خۆیەوە دیوە کە سیدارتا یەکێکە



لەوان و دواکەسیشیان نییە. لە هەر دەورانێکدا بودایەک پەیدا دەبێت بۆ ئەوەی چەرخی دارما بخاتە گەڕو رێگەی رزگاربوون لە دەردوو گشت جۆرە ماڵ وێرانییەکی دی پیشانی خەڵک بدات.

کاتێکیش سیدارتا بە پلەی بودایی گەیشت، بە کۆتایی (بوون) گەیشتبوو، لەوێدا ڕۆشنایی بە دوا پلەی مێژووی خۆیی و کەسێتی خۆی گەیبوو٢٤. لەو کاتەیشەوە سیدارتا ناوی هەڵگیراو بوداش ئیدی شەجەرەی ژیانی لێ سەندرایەوە. جا بەم پێ یە بودایی لێکدانەوەی ئەزمونێکە کە بودا پێ ی دەگووت نیروانا. نیروانا چەمکێکی بودایی یەو هاوشانی وشەی مۆکشا. Moksa. بۆ حاڵەتی ئازادی موتڵەق بەکار هاتووە. رەگ و ریشەی ئەم وشەیە تاریک و لێڵە. بودایییەکان لەو باوەڕەدان ئەم وشەی نیروانایە پێناسە ناکرێت و بە هۆی پێچواندنەوە " تشبیه" ڕوونی دەکەنەوە. نیروانا بە مۆمێک دەچێت لە کاتی کوژانەوەدا. یاخود وەک شەپۆلی دەریا لە حاڵەتی ئارام بوونەوەدا. ناتوانرێت بە " عەدەم " و توانەوە لێکبدرێتەوە، وەک خۆر ئاواییەکان بۆی دەچن. حاڵەتێکە لە دەروونی تاکدا، بەلاّم لەو حاڵەتەدا هیچ جۆرە کەسێتییەک لە ئارادانیەو ئارامی باڵی کێشاوە.

لە(ئودانا)دا لەزمان بوداوە گوتراوە: " لەدایک نەبووە، گەردوونی تەی نەکردووە، دروست نەکراوە، پێکنەهاتووە، چونکە ئەگەر لەدایک دەبوو، گەردوونی تەی دەکرد، دروست دەکراو پێکدەهات، ئەوا نەماندەتوانی خۆمان لە لەدایک بوون و دروست بوون و پێکهاتنی هەڵەبکەین."

بە واتایەکی دی دەتوانرێت بە نموونەی ئەو کەسە بهێنرێتەوە کە بە کەناری عافێت گەیشتووە. لە قوتابخانەی "تراڤادا" ی خوارووداا، کەناری "نیروانا" لە بەرامبەر ڕووباری "سامسارا" دادەنێن، ئەمەش بەمانای "قەراخی بوون" دێت. بەلاّم ئەم بیرە لە قوتابخانەی "ماهایانا" ی سەرودا پەسەند ناکرێت؛ لەبەر ئەوە باشترە ئێمەش خۆمان لەزۆر گوتن بەدوور بگرین و بیبڕینەوە کە پێناسەی ئەم وشەیە بریتی یە لە شێوەیەک ئەزموونی بێداری .

ئەوەی نکوڵی لێ ناکرێت ئەوەیە،لەو رۆژەوە "سیدارتا گوتاما" لە مەداری مێژوو چووەدەرێ و بە نیروانای بودایی شادبوو. لە ئەدەبیاتی پیرۆزی بوداییدا گەلێک نازناوی دیکەیان بۆ هەمان کەسایەتی ناوبردووە، کە هەموویان کینایەن بۆ ئازاد بوون و رزگاری

www.avakurdi.org

# ڕێگای هەق

نووسینی ڕەزا عەلەوی

وەرگێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی

بەشی دووەم :

.. بیری ئازادیی هیندی.[٢٠] بە مجۆرە ڕەوتی خۆی گرت. کەسایەتی مرۆڤەکان بە ـ کارما ـ وە گرێدراوە، ئەو گرێ یەی لەگەڵ هەر کردارێکدا توند تر دەبێت و چارەنووسی مرۆڤ بەرەو لایەکی دی دەبات. هەر مرۆڤێک هیممەتی کردو زنجیری دەست بەسەری ـ کارمای ـ پساند، ئەوا ناسنامەی مەبەستی دەکەوێتە ڕوو، ئەو ناسنامەیەش هەر هەمان بوون بە خودایە. چونکە کاتێک مرۆڤ بگاتە جەوهەری مرۆڤایەتی خۆی دەبێتە خوداو بەپێی ویژدانی خۆی جیهان دروست دەکات و فەرمانڕەوایی دەکات.

وە ڕووخستنی ئەم ناسنامەیە لەم ئاینەدا بووە جەوهەری چەمکی ئازادی و بە تاکە مەبەستێکی مرۆڤ دەژمێردرا. لە سەردەمی بودا دا خەڵکی دەستە دەستە عەودالی ئازادی ببون و لە قوژبنێکی تەریو، یاخود لە دەوری پێشەوایەکی گۆشەنشیندا، دەستیان کردبووە ریازەتکێشان. زۆربەی ئەمانە هێشتا پابەندی یاسا ئایینی و کۆمەلایەتییەکانی ـ ودا ـ کان بوون و بیرو باوەڕی خۆیان بە سانسکریتی بلاوەکردەوە. هەروەها ئەمانە زیاتر سەرچاوە ـ ودا ـ ییەکانیان پەسەند دەکردن و دەیانویست بیروڕای خۆیان بکەنە بیروڕای ڕەسمی و بەشێک لە ـ ودا ـ کان. لە هەمان کاتیشدا چەند دەستەیەکی دی بە ئاشکرا سەرچاوە ودایییەکانیان ڕەتکردنەوەو بەزمانی خەڵکی هاتنە قسەکردن. دیارە ئەم دەستەو تاقمانە ژمارەیان زۆربو، هەریەکەیان قوتابخانەیەکی لە قوژبنێکدا پێکەوە نابوو، خەڵکیان داوەت دەکرد ، هیندستان لەم سەردەمەدا دەیان قوتابخانەی فیکری بە دەیان ڕەنگ و شێوەی بەخۆیەوە دەبینی و لە نێوان کێشمەو هەرای فیکریی ڕاهیبەکاندا، بیری "دارما" ی هیندی، ـ هەروەک لەمەوبەر هێمای بۆکرا هاتە کایەوە ..

دارمای هیندی لە گەڵ دیاردەی ـ مەزهەب ـ ی خۆرئاواییەکان ، کە ئیسلامیش یەکێکە لەوان،جیاوازی زۆری هەبوو. لە شارستانییەکانی خۆرئاوای زەویدا مەزهەب بریتی بوو لە بنەماو ئەو بیروڕایانەی کە پەیوەندی نێوان خوداو مرۆڤیان ڕێکدەخست و پێناسەیان دەکرد. ئەم مەسەلەیەش لە دووخاڵ پێکدێ: یەکەم بریتییە لە بڕواهێنان بە خوداو دووەمیشیان بریتییە لە پەیڕەوکردنی ئیرادەو دەسەلاتی ئەوخودایە کە دەستورەکانی بە هۆی پەیامبەرەوە هاتونەتە خوارێ. لەم ئاینانەدا تاک خاوەنی ڕۆح و کەسایەتی سەربەخۆیەو هەریەکەشی ڕاستەوخۆ یان لەڕێی کەنیسەیەکەوە کە بەخوداوە پەیوەندداره، لەپاش مەرگیش دادگایی دەکرێن و بەپێی ڕێژەی پەیڕەوی کردنیان پاداشت وەردەگرن. لە جیهانی غەیبیشدا بەرەو بەهەشت یان دۆزەخ ڕەوانە دەکرێن.

ئەگەر بمانەوێت کرۆکی دارمای هیندی بەکورتی پێناسەبکەین، ڕەنگە لە ڕاستییەوە دوور نەبێت گەر بڵێین : دارمای هیندی یاسایەکە "پەروەردە "ی بە پلەی ئایین گەیاندووە. بەدەستهێنانی زانستی بۆ مرۆڤ وەک ڕێگەیەکی سەرکەوتن دەست نیشانکردوو، چونکە هەر کات مرۆڤ گەیشتە پلەی کامڵ بوون، ئەوا بە پلەی خودایی گەیشتووە، لەبەر ئەوەی خودا ناسنامەی غایەتی مرۆڤە.

بەم جۆرە تەماشا دەکەین مەبەستی ئایینی خۆرئاوا ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان خوداو مرۆڤە، بەلام مەسەلەی درامای هیندی گۆڕینی مرۆڤە. یەکێکیان قوتابخانەی عیبادەتەو ئەوی دیکەیان قوتابخانەی پەروەردەکردن. یەکیان قوتابخانەی بڕواهێنان و باوەڕدارییە و ئەوی دیکەیان قوتابخانەی ئەزموون و تاقیکردنەوە. یەک قوتابخانەی مل کەچی و ئەوی دی قوتابخانەی ئازادی.

نزیکەی هەزار ساڵی خایاند تا خۆرهەلات و خۆرئاوا توانییان لە دوو پنتی جیاوازەوە بکەونە ڕێ و لە لایەکەوە بە هۆی یاساکانی ـ باکتی ـ و لەلایەکی دیکەشەوە بە هۆی عیرفانی ئێرانییەوە، زانستی عەشقیان بەدەست هێنا.

لە تێکستە بوداییەکاندا باسی مەرگ زۆر کراوە. بەو مانایەی کە مەرگ حەقیقەت و ئامانجی هەر بوداییەکە. ئەمەش تا ئەو سنوورەی ئیدی هەرگیز لە دایک نەبێتەوەو لە چوارچێوەی بوون بچێتە دەرێ. لەم تێڕوانینەیشەوە، مەرگ ئەزمونێکی مەزنە لە دڵی ژیاندا. بەلام هەر وەک بودا بە خەڵکە ڕەشۆکەکەی دەگوت، مەرگ مانایەکی دیکەیشی هەیە: ئەو هێزانەی دروستکەری مرۆڤ و گیانلەبەرانی دیکەن، جا ئەوانە هێزە مادییەکان بن، یاخود هێزە مەعنەوییەکان، بەردەوام خۆیان لە حاڵەتی گۆڕانکاری و جوڵەدان. بەم مانایەش مەرگ ئەزموونی هەر دەقیقەی ژیانی مرۆڤەکانە.

بەلام ئەم هێزانە تا مەرگە گەورەکە[٢١] وەک پریشکی ئاگر بەردەوامی وەردەگرن و بە شێوەی نوێ خۆیان دەنوێنن. تەنانەت جەستەی بووەکانیش بەم پێ یە دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی ـ کارما ـ واتە بزوێنەری کارەکان[٢٢] ، بمێنێت. کەواتە هەروەک چۆن بەلای ڕستگارانەوە ژیان ئەزمونێکی داخوازیکراوە، مەرگیش ئەزمونێکی گەورەیەو مەبەست و ئامانجی ڕزگارییە. بۆ ئەوانەش بە دواکەوتوویی دەژین دیارە کە مەرگ ئەزموونێکی تاڵە، چونکە مەرگ و ژیان ئاوێنەی یەکترن.

* * *

www.arsivakurdi.org

# بیرخستنەوەیەک لە زیانەکانی دوکەڵی جگەرە

د.کەمال رەشید

لەم کورتە باسەدا بە سوود بەخشی دەبینم کە هەندێک لە زیانەکانی دوکەڵی جگەرە بیری خوێنەرانی بەرێز بخەمەوە، بە هیوای ئەوەی کە کەڵک بگەیەنێت.

لە دوکەڵی جگەرەدا کۆمەڵێک زیانبەخش هەن، لەمانە نیکۆتینی قەترانی توتن و غازی کاربۆنی مۆنۆکسیدco کە ئەبنە هۆی کۆمەڵێک نەخۆشی یان دەورێکی سەرەکی دەبینن لە هەندێ نەخۆشی تردا.

ئەمانەش یان لە ڕێگەی جگەرە کێشانەوە، یان لە ڕێگەی تێکەڵ بوونیان بە هەوا وەرئەگیرێ. هەروەها ئەمانە یان ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی نەخۆشی ، وەک نەخۆشییەکانی بۆری هەناسەو سییەکان، یان تێکەڵ بوونیان لەگەڵ خوێن ئەبێتە هۆی نەخۆشی لە ئۆرگانەکانی تری مرۆڤدا.

لەم نەخۆشییانە:

١) تووش بوونی بۆری هەناسە بە ئیلتهابی دورودرێژخایان،کە سەرئەنجام مرۆڤ تووشی کۆکەو بەڵغەم دەبێ، زوو هەست بە هیلاکی و هەناسە توندی دەکا، زۆر جار خۆی لەخۆی بێزار ئەبێ و خۆی لە کۆمەڵ دوور دەخاتەوە.

٢)بە هۆی گۆڕانی بەردەوام لە سییەکاندا، سییەکان وورده وورده لە ئیش دەکەون و ناتوانن کاری خۆیان ئەنجام بدەن و بۆ ژیانییان هەمیشە پێویستییان بە غازی ئۆکسجین دەبێ.

ئەم جۆرە نەخۆشانەش چاک بوونەوەیان زۆر گرانەو بۆ هەموو جۆرە کاروبارێکیان پێویستیان بە کەسانی تر دەبێت .

٣) بەهۆی کەمبوونەوەی بەرگری لەنەخۆشی ، مرۆڤ زوو زوو دوچاری ئیلتهابی سییەکان و بۆری هەناسە دەبێ و بە گشتی Infektion لەم کەسانەدا زیاتر دەبینرێ.

٤) شێرپەنجەی سییەکان : ئەوەی کە زانراوە ئەو کەسانەی کە جگەرە ئەکێشن زیاتر تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن ، بە تایبەتی ئەگەر لە تەمەنێکی زوودا دەستیان بە جگەرە کێشان کردبێ.

٥) نەخۆشی دڵ وەک« الذبحه الصدریه.Anginapectoris »
«الجلطه‌القلبیه.Hjartinfarkt» لە کەسانێکدا کە جگەرە ئەکێشن زۆر زیاترە بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە جگەرە ناکێشن.

٦) نەخۆش کەوتنی زۆربەی دەمارەکانی لەش لەگەڵ تەسک بوونەوەیان. لەمانەش بۆ نموونە تەسک بوونەوەی دەماری قاچ کە لە ئەنجامیا خوێن کەم بۆ قاچ دەچێ و مرۆڤ لەبەر ئازارو ئێش لە ڕۆیشتن دەکەوێ.

٧)هەروەها دوکەڵی جگەرە بە هۆیەکی سەرەکی دەژمێردرێ لەگەڵ ئەم نەخۆشییانەشدا وەکو برینداری گەدە«مەعیدە»، دوانزەگرێ، سەرەتانی قوڕگ، پەنکریاس و میزەڵان.

٨) کەم بوونەوەی نەشونمای منداڵ لەسکی دایکیا، جابۆیە زۆر گرنگە کە دایکان لە کاتی سک پڕیپاندایان لە کاتی شیرداندا جگەرە نەکێشن، چونکە لە شیریشەوە ئەم زیانبەخشانەی دوکەڵی جگەرە ئەگاتە منداڵ و تووشی زیانیان دەکا.

جا ئەی خوێنەری بەرێز گرنگە تا زووە واز لە جگەرەکێشان بێنە، بەوە خۆتو کەسانی خۆشەویستی دەوروپشتت لە کۆمەڵێک نەخۆشی و ناخۆشی رزگاردەکەی و دەپارێزی.

زۆر ڕێگا هەیە بۆ یارمەتیت، کاتێک بڕیاری وازهێنانت دا هەوڵبدە بیان دۆزەرەوە، پەیوەندییان پێوە بکەو کەڵکیان لێ وەربگرەو ئامۆژگاری بەسوودیش بەکەسانی تر ڕابگەیەنە.

ئێمەش داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەین.

www.arsivakurdi.org

توندی بەرسنگیان لەپەنابەران گرت و ڕێگایان نەدا کەس لە سنوور تێپەڕبێ . بەپێی « تەعلیماتی» پێشتری کاربەدەستانی تورکیا بۆ «ژەندرمە» و هێزەکانی پاراستنی سنوور دەبوایە ئەوکەسانەی لە سنوور تێپەڕدەبن، بە هەر شێوەیەک بێ بدرێنەوە دەست حکومەتی عێراقی، گەرچی بە مسۆگەری بزانرێت ٩٠٪ یان بە دەستی کاربەدەستانی ڕژێمی عێراقی دەکوژرێن.

سەرەڕای ئەوەش و لەبەر درندەیی هێرشی لەشکری عێراقی و بەردەوامبوونی لەسەر بۆمبابارانکردنی پەنابەران، تەنانەت لەسەر سنووریش، لەگەڵ بێزاربوونی خەڵکی بێدەسەلات لە بەر برسیەتی و سەرما و ماندووبوون، لە زۆر جێگا ، پەنابەرەکان بە زۆر خۆیان لەسنووردا و گەیشتنە ناو برا کوردەکانیان لەناو گوندە کانی سەرسنوور لە ناو کوردستانی تورکیادا. خەڵکی گوندەکان مەردانە باوەشیان بۆ کردنەوەو جێگایانکردنەوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥، لەو کاتەدا کە نوێنەرانی عێراق و ئێران لە «جنێف»گفتوگۆی وەستاندنی شەڕیان دەکرد ...٢٥ کوردی عێراقی لەبەر هێرشی چەکی کیمیایی هەڵاتن و لەسنوور بەرەو تورکیا پەڕینەوە.

جورنالیست و هەواڵدەرانی جیهانی توانییان بینەری ئەو تراژیدییەبن و فیلم و وێنەی کارەساتەکە لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانی جیهاندا بلاو بکەنەوە.

لە کۆتاییدا حکومەتی تورکیا نەیتوانی بەردەوامبێ لەسەر نکوڵی کردن لە- ڕاستی هاتنی پەنابەران، لەبەر ڕای جیهانی کاربەدەستانی تورک نەیانتوانی ئەو هەموو جەماوەرە لەسەر سنوور تەسلیم بە حکومەتی عێراقی بکەنەوە.

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ حکومەتی تورکیا فەرمانە مێژووییەکەی دا بۆ کردنەوەی سنووری توکیا بۆ پەنابەرانی کوردی عێراقی ...

ماوەتی

# خۆ پاراستن لە پشت ئێشە
# ( ژانــە پشــت)

وەرگێڕانی لە سویدییەوە : بەرزان بێکەس

هەندێ چاودێری بۆ ئەو کەسانەی ژانە پشتیان هەیە

* هەوڵ بدە لەشت لە شێوەیەکدا بێت کە ئازارت نەدا؛

بۆ نموونە لەسەر پشت پاڵ بکەوەو قاچەکانت بخەرە سەر کورسییەک، هەوڵ بدە کەم دانیشی.

* لە کاتێکدا کە ئازارت زۆرە هەوڵبدە قورسایی لەسەر پشتت کەم بکەیتەوە بە بەکارهێنانی پشتێن، کۆرسێت و تەنانەت گۆچانیش.

* بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکانی پشت و قاچ ئەم ڕاهێنانەی خوارەوە سوود بەخشە:

لەسەرسک «لەسەردەم» پاڵ بکەوەو سەرێنێک بخەرە ژێر سکتەوەو بەشی سەرەوەی لەشت بەرزبکەرەوە، نزیکەی ١٠سم لەسەر زەمینەوە، لەم بارەدا بۆ ماوەی ٢٠-٣٠ چرکە خۆت ڕابگرە، پاشان بەشی سەرەوەی لەشت دابگرەو ماسولکەکانی سمتت توند بگوشە و قاچەکانت بەرزبکەرەوە، ٥سم لەسەر ڕووی زەوییەوە ، بۆ ماوەی ٢٠-٣٠ چرکە.

ئەم ڕاهێنانە ڕۆژی دەجار بەیانی و ئێوارە دووبارە بکەرەوە.



دەبێ ئەم خالانەی خوارەوە بخرێتە پێش چاو:

* قورسایی هەڵگرتن لەنزیک لەشەوە؛ واتە لە کاتێکدا کە شتێک بە دەست هەڵدەگری، هەوڵبدە بەپێی توانا نزیک لەلەشی خۆتەوە ئەو کارە بکەی.

* هەوڵبدە لە کاتی قورسایی هەڵگرتندا لەشت با مەدە بەملاولادا؛ واتە بەلای ڕاست و چەپدا.

* گۆڕینی شێوەی دانیشتن؛ هەوڵ مەدە ماوەیەکی زۆر بەیەک شێوە دابنیشی.

* لەکاتی دانیشتندا پاڵبدەرەوە.

* جگەرە مەکێشە. جگەرە کێشان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی گواستنەوەی خواردەمەنی بۆ ناوچەی نێوان بڕبڕەکانی پشت.

* وەرزش کردن، بۆ نموونە سواربوونی پاسکیل، مەلەکردن، یۆگاکردن، ڕۆیشتن، نیوسەعات وەرزش کردن هەفتەی سێ جار، یارمەتی پشت دەدا کە لە شێوەیەکی باش دابێ.

***

www.arsivakurd.org

# پەنابەرانی کوردی عێراقی لە تورکیا لە مردنێکی لە سەرخۆدا دەژین

د. عەبدولباقی ئەحمەد

## کورتەی بەسەرهاتی مشەخت بوون:

لە ۱۹۸۸/۸/۲۰ دا بڕیاری وەستاندنی شەڕی عێراق و ئێران دەرچوو. هەر لە دوای ئەوە ڕژێمی عێراقی ۳۰۰۰۰ سەربازی خۆی بەکار هێناو بە چەکی کلاسیکی و بە غازی ژەهراوی هێرشێکی گەورەی بردە سەر کوردستان.

نزیکەی ۲۰۰۰ کم² لە هەرێمی بادینان بەر هێرشەکە کەوت. نزیکەی ٤٥٠ گوندی سەر بە ناوچەکانی ئامێدی، زاخۆ، بامەرنێ و ئاگرە و شێخان لە پارێزگای دهۆک و نەینەوا و هەندێک لە هەرێمەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر بە تۆپ و فرۆکەی دوژمن وێران کران.

مەبەست لەم هێرشە دڕندانەیەش هەر ئەوەبوو کە هیچ زیارێک لە ناو هەرێمەکە نەمێنێت، ئەو هەرێمەی کە زۆربەی لە ژێر دەستی پێشمەرگەی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد بوو.

خەڵکی بێ دەسەڵاتی هەرێمەکە ناچار بوون ماڵ و شوێنی خۆیان بەجێبهێڵن و بە پیرو ژن و منداڵەوە، لەگەڵ نەخۆش و زامدارەکان خۆیان لە شاخ و داخە سەختەکانی کوردستان بدەن و هەوڵیان دا خۆیان بە نزیکترین سنووری ناو نەتەوەییدا دەرباز بکەن کە ئەویش سنووری نێوان عێراق و تورکیایە. بەمەبەستی خۆ ڕزگارکردن لە چەکی کیمیایی.

خەڵکێکی زۆر ـ بە تایبەتی ژن و منداڵ و پیرو نەخۆش و زامدارەکان کە پێیان نەکرا ڕێگای بەرەو سنووری تورکیا تەواو بکەن؛ یان بە چەکی دوژمن شەهید کران یانیش بە دیلی کەوتنە ژێر دەستی لەشکری عێراقی.

نزیکەی پێنج هەزار کەس لە (حەسیرکە) شەهید بوون، زۆربەی بە شێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ کاتێ کە فرۆکەی دوژمن بۆ مبا بارانیان دەکرد بە چەکی کیمیاوی و غازی ژەهراوی. بۆ نموونە؛ لە کارەساتەکەی «گەلی بازێ» ۲۰۰ خێزانی کورد لە ڕۆژی



۱۹۸۸/ ۸/۲۸ بۆمبابارانکران و تەنیا چەند پیاوێک لە مردن ڕزگار بوون. ئەوانی تر هەر هەموویان شەهید بوون.

هەروەها لە نێوان ۸/۲٥ تا ۸/۲۷ «۱٥۰۰» کەس کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون بە چەکی دوژمن شەهید کران، لە کاتێکدا کە دەیانویست لە ڕووباری «ڕوشین» بپەڕنەوەو بچن بەرەو سنووری تورکیا.

هەموو ئەو کە سانەی کە کەوتنە ژێر دەستی لەشکری عێراقی بە بەندی ڕەوانەکران بۆ زیندان و ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق. نزیکەی ۳۰۰۰۰ ژن و منداڵ و پیر لە کەمپەکانی دەوروبەری هەولێر کۆکرانەوە و ڕەفتارێکی یەکجار ناڕێکیان لەگەڵ کرا. لەگەڵ ئەوەش کە ڕژێمی عێراقی «ئەمنستییەکەی» لە ڕۆژی ۱۹۸۸/۹/٦ دا بڵاوکردەوە و نزیکەی ۱٦۰۰ کەس لەو خەڵکە لێ قەوماوە گەڕانەوە بۆ عێراق، بەڵام ئەوانیش هەر ئەو ڕەفتارە نا مرۆڤایەتیانەیان لەگەڵ کرا.

لە نێوان ۸/۲٥ تا ۱۹۸۸/۸/۲۸ نزیکەی ۱۰۰۰۰ کەس لە ٦٥ جێگا لە درێژەی سنووری تورکیا/ عێراق لە نێوان شەمزینان لە ڕۆژهەڵاتەوەو سلوپی لە ڕۆژئاواوە کۆ بوونەوەو پەنایان بردە بەر حکومەتی تورکیا کە سنوورەکەی بۆیان بکاتەوەو لە چەکی کیمیایی بیانپارێزێ. بەڵام ژەندرمەی تورکی لە سەر سنوور بە



www.arsivakurdi.org

١. شۆڕشی کوردەکان لە پارچەکانی کوردستان پەیوەندییان لەگەڵ یەک هەیە.

٢. جاران سەرۆک بارزانی دەستی بەسەر هەموو جوڵانەوەی کورددا گرتبوو، بەڵام ئیمڕۆ لەڕێی پارتی جۆراو جۆر ڕێبەری دەکرێن بۆ ئامانجی هاوبەش.

٣. خەباتی کورد ئیمڕۆ بەدەست زاناو خوێندەوارانی کوردەوەیە. هەرچەند ئەوانیش کەموکوڕی زۆریان هەیەو بە تەواوی پاک نیین.

لازارێف لە لایەکی ترەوە دەڵێ کە جۆراوجۆربوون و زۆربوونی پارتی و ڕێکخراوە کوردییەکان دووبەرەکی و ئاژاوە بۆ کورد زۆر دەکەن بە تایبەتی لەم کاتەدا کە میللەتی کورد ژێر دەستەیە. لازارێف دەڵێ بۆیە کە لە فەرەنسا لێمیان پرسی پێویستە کورد چەند پارتی هەبێت وتوومە یەک پارتی.

لازارێف دەڵێ دامەزراندنی بەرە لە نێوان هێزە جۆر بە جۆرەکانی کوردستان گرنگە، ئەگەر ئەمانە لە یەکتر نزیک ببنەوە هەروەک قامکەکانی دەست کە لەیەک کۆ دەبنەوە بە هێز دەبن. هەروەها دەڵێ ئەگەر هێندێ جار تیرۆریزم بەبەرچاو دەکەوێ ئەوە نیشانەی پەلەکردنە لە شۆڕش. هەموو جۆرە پەلەییەکیش " تطرف" خزمەتکردنە بۆ دوژمنی کورد. زانای سۆڤییەتی ڕێنماییمان دەکاو پێشنیار دەکا کە مێژووی ڕووسیا بخوێنینەوە کە پڕە لەم چەشنە ڕووداوانەو پێویستە کەڵکی لێوەرگرین.

وا دیارە زانای سۆڤییەتی خەباتی کورد بە پەلە دەزانێ و وا لێکدەداتەوە کە وەختی شۆڕشی کورد جارێ نەهاتووە.

لە بارەی خەباتی کورد لە دەرەوە: لازارێف دەڵێ مەسەلەی کورد خۆی مەسەلەیەکی نێونەتەوەییە، چونکە لەنێوان چەند وڵاتدا دابەشکراوە. هەر ئەوەندەی پێویستە داوای بکەیی و بەس. چونکە ئەم مەسەلەیە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی تەنیا لە نێوان عوسمانی و ئێران بوو. لەدواییدا فەرانسە، ئینگلیز، ئەڵمان و ڕووسیا تێکەڵاوی بوون و لە نێوان دوو جەنگی جیهانیدا عێراق و سوریا دامەزران کە ئەوانیش تێکەڵاوی ئەم مەسەلەیە بوون.

لە دەرەوە، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، لە پەیماننامەی سیڤەر باسی کێشەی کورد کراو بەسەر زاری ئەوروپای ڕۆژئاوادا هات کە کورد مافی وڵاتی خۆی هەیە. بەڵام لە پەیماننامەی سیڤەر بەریتانیا دەیخواست کوردستانی تورکیا(عوسمانی) بکرێ بە ئۆتۆنۆمی لە ژێر دەستەڵاتی بەریتانیادا. فەرانسە و ئەمریکا دژی ئەم کارە بوون بۆیە تەمەنی ئەم پەیماننامەیە کورت بوو و پەیمانی لۆزانی بەسەردا هات. شتێکی تر ئەوەیە لە نێوان جەنگی دووەمی جیهانی و ساڵی ١٩٥٨" سەردەمی شەڕی سارد لە نێوان وڵاتە دەستەڵاتدارەکان" پەیمانی بەغداو سەعدئاباد هاتنە پێش کە خواستیان بە یەکجاری مافی کورد ون بکەن و لە بەینی بەرن. بەڵام پاش شۆڕشی ١٩٥٨ شێوەیەکی تازەی خەبات هاتە کایەوە کە هەم وڵاتانی ڕۆژئاواو هەم وڵاتانی ڕۆژهەڵات ناچار بوون بە چاوێکی تر سەیری کێشەی کورد بکەن. ئەم خەباتە بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی بەڕێوەدەبرا. لەم ماوەیەدا، بەقسەی لازارێف، یارمەتی لە باری ئابووری، چەک و سیاسییەوە لەلایەن سۆڤییەتەوە پێشکەشکراوە بۆ شۆڕشی کورد.لەوکاتەدا نییەتی پێوەندی وڵاتان "العلاقات الدولیە" کەوتە کار هەر لەبەر ئەوە مەسەلەی کورد بوو بە فیدای پێوەندی نێو وڵاتان و خرایە پاش گوێ. بەڵام کۆنفرانسی پاریس لەم دواییەدا ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد هەیەو خەبات دەکاو ئەمە نیشانەیە بۆ ئەوەی کە خەباتی کورد لە پێشکەوتندایە.

لازارێف لە سیمینارەکەیدا، دامەزراندنی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ لە مێژووی نوێ ی کوردستان دەشارێتەوە،یان بە بێ بایەخی دەزانێ. بەهیچ جۆر باسی پەیمانی تاران لە نێوان ستالین و چەرچل و ڕۆزفلت ناکا، کە چۆن لەوێ مافی کورد کرا بە فیدای بەرژەوەندی نێوان وڵاتان. باسی ئەوە ناکا کە چۆن پێشنیاری کۆماری مەنگۆلستان لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ بردنی مەسەلەی کورد و باسکردنی لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و پیشاندانی ناڕەزامەندی سۆڤییەت لەم کارە بووە هۆی کێشانەوەی پێشنیارەکە. بە هیچ جۆرێکیش باسی ئەوە ناکا بۆ تا ئێستا لە سۆڤییەت یان لە وڵاتێکی تری ئەوروپای ڕۆژهەڵات هەڵوێست نەگیراوە، یاخود بۆ کۆبوونەوەیەک بە ئاشکرا نەکراوە وەک ئەو کۆنفرانسەی پاریس لەسەر مافی گەلی کورد.

بە بیروباوەڕی پرۆفیسۆری سۆڤییەتی هاتنی گۆرباچۆڤ و پروسترویکا و نزیک بوونەوەی ولاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە یەکتر، کار ئەکاتە سەر پێشخستنی مەسەلەی کورد. هەرچەند پروسترویکا لە ناو سۆڤییەت زۆر لەسەر باری ئابووری و پرسی میللەتان دەڕوات، لەوانەیە لە دەرەوەی سۆڤییەتیش کار بکاتە سەر مەسەلەی میللەت و نەتەوایەتی.

کورد ناسی سۆڤییەتی هیوادارە کە ئەمجارە کورد نەبێتە قوربانی پێوەندی نێو وڵاتان و نەکەوێتە بەر گەرداو و لافاوی سیاسەتی بەرژەوەندییان.

کاتێک پرسیار لە پروفیسۆر کوردناسی سۆڤێتی دەکرێ و هەڵوێستی سۆڤییەت لەبەرامبەر گەلی کوردو چەکی کیمیایی لەم ساڵانەی دواییدا، پرۆفیسۆر خۆی لێدەپارێزێت و دەڵێ من مرۆڤێکی سیاسی نیم، بەڵکو زانایەکی سۆڤییەتیم وا بیر مەکەنەوە کە لەڕێی حکومەتی سۆڤییەتییەوە ڕەوانەکرابم بۆ ئەنجامدانی ئەم سیمینارە، بەڵکو خۆم هاتووم.

هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێ کە گرنگە ئیمڕۆ کورد هەوڵی وەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی بدا نەک سەربەخۆیی. چونکە داخوازێک وەک سەربەخۆیی تووشی کێشەی چەندین وڵاتی ناوچەکە دەبێ و دەشێ شەڕێکی گەورە لە ناوچەکەدا دروست ببێ. ئەمەش بە پێچەوانەی ئەوەی کە خۆی چەند مانگ لەمەوبەر دەیووت دەبوایە ڕاگەیاندنی وڵاتی سەربەخۆ بکرایە لە کاتی جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا. هەروەها بە پێچەوانەی ئەوەی کە لەم کۆبوونەوەیەدا دەڵێ کورد مافی سەربەخۆیی خۆی هەیەو ئومێدەوارە کە خودای گەورە ئەم تەمەنە بە ئەو بدا کە کوردستانی سەربەخۆ بەچاو ببینێ.

ستۆکهۆڵم
١٩٨٩/١١/١١



www.arshivakurdi.org

لەلایەن حکومەتی سۆڤییەتی پایەی بەرزی زانیاری هەیە لەمەڕ مەسەلەی کورد.

زانای سۆڤییەتی ئیمڕۆ لەسیاسەتی رژێمەکانی پێش گۆرباچۆف رەخنە دەگرێ.هەرچەند نە بە ئاشکرا. بۆنموونە دەڵێ لە گۆڕ لێکدانەوەو تەعریفی ستالین کورد بە میللەت دانانرێ. لەهەمان کاتدا دەڵێ کورد کراوە بە قوربانی پەیوەندی نێو دەوڵەتان، کە مەبەستی حکومەتی سۆڤییەتیش دەگرێتەوە. لە هەمان کاتدا دەڵێ حکومەتی سۆڤییەت یارمەتی چەک، سیاسی، ئابووری بەشۆڕشی ئەیلول کردووە.

هەڵبەت سیاسەتی ئیمڕۆی گورباچوڤ بەباش دەزانێ، ئەگەر رژێمی ئێستای سۆڤییەت لە رادیۆ و ڕۆژنامەکانیدا بە خراپە لە سەر کورد دەدوێن، لازارێف ئەمە دەخاتە ئەستۆی رۆژنامە نووسەکانی سۆڤییەتی کە دەیانەوێ لە پەنای ئازادی گلاسنۆست شت بلاْوکەنەوە، کە حکوومەتی سۆڤییەتی بۆچوونی وای نییە لە بناغەدا.

لازارێف خۆی بە دوودڵ دەزانێ و، گومانی هەیە کە ئایا کورد میللەتە یا ئیتنوگرافییە، دوای ئەوەندە ساڵە لێکۆڵینەوەی لەسەر کورد. ئەڵێ بۆ ئەوەی کورد وەک میللەت پێناس بکرێ پێویستە ئەم دوومەرجە، واتە زمانێکی یەکگرتوو لەگەڵ خاکێکی یەکگرتوو نیشان بکرێ.

لازارێف ڕەخنەی لە زمانی کوردی هەیە کە یەکگرتوونییە. هەروەها ناوبردنی خاکێک وەک کوردستان بێ دیاریکردنی سنوورێکی جوگرافیایی بە کارێکی ناڕاست دادەنێ. دەڵێ کوردستان یەعنی چی؟ ئایا کورد لە هەر شوێنێک بێ ئەو شوێنە کوردستانە؟ئەڵێ کوردستان ئەو شوێنەیە کە زۆربەی کورد لەسەری دەژین. ئەڵێ چوارچێوەی کوردستانی ئیمڕۆ زۆر گەورەترە لەکوردستانی مێژووی کۆن و ئەوەش ئەو پارچە خاکەیە کە ئیمڕۆ سنوورەکانی عێراق، سوریا، ئێران و تورکیا دەگەیەنێتە یەکتر.

لازارێف دەڵێ کوردەکانی دەرەوەی کوردستان کە ژمارەیان بە چەند ملیون دەگا، ئەوانەش لە خۆراسان، لوبنان، قەفقاز، ئەوروپا، ئوسترالیا و لە ولاْتانی تر دەژین مافی هەبوونیان هەیەو هەروەها مافی باسکردنیان هەیە. بەڵام لازارێف لەم کۆبونەوەیەدا بە هیچ شێوەیەک باسی کوردەکانی سۆڤییەتی نەکرد کە ئایا ژیانی سیاسی، کۆمەلاْیەتی و ئابووریان چۆنە، یاخود سۆڤییەت تا ئێستا چ مافی میللی یا مرۆڤایەتی بۆ ئەمانە بەجێ هێناوە و دابین کردبێ.

لازارێف لەم دواییەدا، واتە پێش نزیکەی مانگێک ئامادەی کۆنفرانسی پاریس بوو. لەو کۆنفرانسەدا زۆر لە نوێنەرانی حکومەتانی رۆژئاوا و سەرۆکی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و رێکخراوە مرۆڤایەتییەکانی ئەوروپای رۆژئاوا تیایدا بەشدار ببون.

لازارێف لەسەر مافی چارەنووس دەڵێ: کورد مافی دروستکردنی ولاْتی سەربەخۆی خۆی هەیە. لەو باوەڕەدایە کە ژمارەی کورد لەوانەیە بگا بە ٢٠ ـ ٢٥ میلیون. هەرچەندە ئاماری سەرژمێری رەسمی لە دەستتدا نییە. چونکە حکومەتان سیاسەتی نەژاد پەرەستی خۆیان دەسەپێنن و ژمارەی کورد بە کەم لە قەڵەم دەدەن. کورد و ئەو خەڵکەی نزیکی کوردن، بەلاْم کوردنین، وەک لوڕ و بەختیاری مافی سەربەخۆیی خۆیان هەیە.

لازارێف لوڕو بەختیاری جیادەکاتەوە لە کوردو دەڵێ چونکە ئەوانە خەباتی جیایان هەبووەو مەزهەبی ئەمانە شیعەیە. بەلاْم دەڵێ ئەمانە زۆر نزیکن لە کوردو لەم سالاْنەی دواییدا هەندێکیان خۆیان بەکورد داناوە.

لە ڕووی ئابووری و کۆمەلاْیەتییەوە لازارێف دەڵێ: رەنگی ژیان لە هەموو پارچەکانی کوردستان وەک یەک نین و لەیەک ناچن. بۆیە لە بەشی تورکیا باش پێشکەوتووە لەبەر ڕەوشی ئابووری تورکیاو پاشکەوتووترین پارچە کوردستانی ئێرانە، بەتایبەی لوڕستان.

لە باری سیاسییەوە لازارێف دەڵێ ناوەڕۆکی کێشەی کورد خەباتکردنە بۆ ئازادی، بۆیە بە ڕێکەوت نییە کە بە کوردستان دەوترێ ولاْتی شۆڕش و شاخەکان. لازارێف ئەمە بەسەر سێ قۆناخی مێژوویدا دابەش دەکا.

قۆناخی یەکەم: لەو کاتەی کە سەرۆک عەشیرەتەکان بە تایبەت بە دوای دەستەلاْتداری دا دەگەڕان لە ناوچەکانی خۆیان. بەلاْم شۆڕشەکانیان زوو بەزوو تێکدەشکاو دەتوایەوە لە بەر ئەوەی ڕووبەڕووی هێزی گەورەی حکومەت دەبوونەوە.

قۆناخی دووەم: هوشیار بوونەوەی بۆرجوازی میللی. لێرەدا بیروباوەڕی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ولاْتێکی سەربەخۆ بە ناوی کوردستان هاتە کایەوە. ئەم بیرو باوەڕە لە قۆناخێکدا دەستی پێکرد کە کوردستان دووپارچەی گەورەبوو و کرا بە چوار پارچە لە دواییدا. مەبەستی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمە. لەم قۆناخەدا سەرۆکە ناودارەکانی کورد وەک سمکۆ و شێخ مەحموودی بەرزنجی ئەم جولاْنەوەیەیان بەڕێوە دەبرد. ئەوان لە لایەک لە ڕێگای چەکداری و لە لایەکی تر لە ڕێگای " عصبە الامم" دەیانخواست مافی کورد دابین بکرێ. لازارێف ئەمە بە ڕێگای چەوت دادەنێ. هەروەها دەڵێ گوناحی تریان ئەوەبوو کە رۆژ بەڕۆژ لە میللەت دوور دەکەوتنەوە و لە ولاْتانی بێگانە نزیک دەبوونەوە. لەلایەک خۆیان بە چاوساخی کورد دەزانی و لەلایەکی تر پشتیان بە سەرەک عەشیرەتەکان دەبەست.، ئەم قۆناخە لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی دوایی هات.

قۆناخی سێیەم: لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە تا ئێستا بەردەوامە. لازارێف ئەم قۆناخە بە قۆناخێکی پێشکەوتوو شۆڕشگێڕی دیموکراتی: دادەنێ. چونکە لەم قۆناخە میتۆدی (اسلوب) ی نوێ بە کارهێنراوە بۆ خەبات و هەروەها سوود لە رابووردووی میللەتان وەرگیراوە لە خەباتدا. زۆربەی سەرکردەکانی ئەم شۆڕشە لەناو جەرگەی میللەتەوە هەلقوڵیون، هەرچەندە هێندێکیان لە بنەماڵەی عەشیرەت هاتوون بەلاْم بیروباوەڕیان بە شێوەیەکی پێشکەوتووانەیەو خاوەنی بیری پێشکەوتوون. هەر وەک مەلا مستەفای بارزانی کە یەکێکە لە ڕێبەرە هەرە گەورەکانی مێژووی کوردستان. هەروەک لازارێف دەڵێ.

لەم قۆناخەدا، بە تایبەت لە ساڵی ١٩٨٠ تا ئێستا پێویستە سێ شتی گرنگ لە پێش چاومان بێ، ئەوانەش:

www.arsivakurd.org

مەسەلەکە بکەن و هەوڵبدەن بە هەر شێوەیەک بووە خۆیان لەم بزووتنەوەیە نزیک بکەنەوەو پەیوەندی لەگەڵدا ببەستن.

یەکێتی سۆڤییەت هاوکارییەکی سیاسی و عەسکەری و ماددی ئەم بزووتنەوەیەی کرد. یەکەم جار بوو کە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی هەموو لایەکی جیهاندا باسی بزووتنەوەی کورد و میللەتی کورد دەکرا. بەڵام لەو ماوەیەشدا کەس بە پێی پێویست بایەخی بە کێشەی کورد نەدا، چونکە سیاسەتی جیهانی لە هەڵچوون و داچووندا بوو ڕۆژێک لێک نزیک بوونەوەی دەوڵەتان زیادی دەکردو ڕۆژێک دوورکەوتنەوەیان بەرەوزیاد بوون دەچوو.

قۆناخی سێیەمی خەباتی کورد کە من دەڵێم لە ساڵی ۱۹۸۰دا دەستی پێکردووە. بە دەستپێکردنی شۆڕشی چەکداری لە کوردستانی ئێران و دەست پێکردنی چالاکی چەکداری لە کوردستانی تورکیا و بەردەوامی خەباتی چەکداری لە کوردستانی عێراق، ئەوە دادەنرێ بە قۆناخێکی نوێ لە خەباتی کورددا.

لەم دە ساڵەی دواییدا کێشەی کورد لە گشت جیهاندا بە تەواوی دەنگی داوەتەوەو ئیعتیرافی پێکراوە. ئیتر کەس ناتوانێ گوێی خۆی لە کێشەی کورد کەڕ بکا و بایەخی پێ نەدا. کۆنگرەی پاریس کە لە مانگی پێشوودا دەربارەی کێشەی کورد ئەنجامدرا نموونەیەکە بۆئەوەی کە ئەم کێشەیە بۆتە کێشەیەکی جیهانی.

نامەوێ زۆر بە درێژی باسی ئەم قۆناخەی ئێستا بکەم. من لەو بڕوایەدام کە چارەنووسی کێشەی کورد تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوە بە چۆنیەتی ئەنجامدانی پیرۆیسترۆیکا لە سۆڤییەت و لە وڵاتانی هاوکار لەگەڵ سۆڤییەت. ئەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێ بۆ سەر کێشەی کورد. ئەمە چ لە سیاسەتی ناوخۆ و چ لە سیاسەتی دەرەوەی دوای سەرکەوتنی پیرۆیسترۆیکا. لە ناوخۆدا سەبارەت بە باری ئابووری و چارەسەرکرنی کێشەنەتەوایەتییەکانی ناو یەکێتی سۆڤییەت. چونکە بێگومان چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشە نەتەوایەتییەکان لە سۆڤییەت لە ژێر سایەی پیرۆیسترۆیکادا کاریگەرێتی خۆی هەر دەبێ بۆ سەر کێشە نەتەوایەتییەکانی تری جیهان.چونکە نهێنی نییە گەر بڵێم لە وڵاتی ئێمە، لە سۆڤییەت، لە سەردەمی ستالین و بریجنیف و ئەوانی تر زۆر شێوێندرا، ئەو چارەسەرەی لینین دایناوبو پەیڕەونەدەکرا. زۆر گرنگە کەپاکی و خاوێنی بیروراکانی لینین جێبەجێبکرێن.

هیوادارم کە لەمەودوا ئیتر کێشەی کورد نەکرێ بە قوربانی پەیوەندی نێودەوڵەتانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات و قوربانیدانی ئەم میللەتە کلۆڵە بەفیڕۆ نەڕوا. تا ئێستا کوردی قوڕبەسەر هیچ سوودێکی نەبینووە. من لەو بڕوایەدام کەئەگەر سیاسەتی وڵاتان لابدەین و بێینە سەر هەستی میللەتان، ئەوا نەک بە تەنیا گەلانی سۆڤییەت بەڵکوزۆر کەس هەن لە ڕۆژئاواش کە بە چاوێکی پیاوانەو پڕ سۆز سەیری کێشەی میللەتی کورد دەکەن.خۆ جیهان هەمووی دژی کورد نەبووە، سیاسەت وای لێ کردووە.

نکوڵی لەوە ناکەین کە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەمیشە دەیانەوێت خزمەتی بەرژەوەندی خۆیان بکەن، بەڵام ئەگەر ئەو ڕووبەڕوویەکتر ڕاوەستانەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات سوک بکرێ، هەردوولا دە توانن هەڵوێستێکی چاکتریان هەبێ سەبارەت بە کێشەی کورد.بە بڕوای من ئەم کارەی فەرەنسا کارێکی ئیجابی بوو، واتە کۆنگرەی پاریس شاهیدی ئەم بۆ چوونەیە.ئەگەر پەیوەندی سیاسی نێو وڵاتان باش بێ ئەوا لایەنە کۆمەڵایەتی و دیموکراتییەکانی هەردوولا هەڵوێستی زۆر باشیان سەبارەت بە مەسەلەی کورد دەبێ.

ئێستا لە سۆڤییەت بوارێکی نوێ هاتۆتە کایەوە، ناوی لێنراوە «سیاسەتی گەلی»، کۆمەڵانی گەل لە خۆیانەوە چ کێشەیەکیان بەلاوە گرنگ بێ لێی دەکۆڵنەوەو هەڵوێستی خۆیان دیاری دەکەن،پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، دیارە هەڵوێستی ئەمانە هەر لای خۆیان نامێنێ، بەڵکو کار دەکاتە سەرهەڵوێستی حکومەتیش. ئەگەر پەیوەندی نێو وڵاتان باش بێ، ئەوا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەتوانێ سەبارەت بە کێشەی کورد ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام بدا.

.

## ڕەخنەی سیاسی

**چ. کریڤو**

# لازاریف ئەڵێ چی؟

ڕۆژی ۱۹۸۹/۱۱/۱۱ لە ستۆکهۆڵم پرۆفیسۆر م.س لازاریف،پسپۆڕو زانای سۆڤییەتی لە بارەی کوردناسی سیمینارێکی پێشکەشکرد. ئەم زانایە نزیکەی سەعات و نیوێک بە زمانی ڕووسی کە دەکرا بە زمانی کوردی لە سەر مێژووی کورد. شۆڕشی کورد. ڕەوشی کوردو داهاتووی کورد بەناوی « کێشەی کورد ».

لێکۆڵینەوەکانی زۆر ساڵە بە هاوکاری لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی سۆڤییەت و حکومەتی سۆڤییەت دەست پێکراوە لەبارەی کوردەوە.هەروەها پرۆفیسۆرلازاریف یەکێکە لە کۆنترین و زاناترین کەس کە

www.arsivakurd.org



که له پاریس بووم لێیان پرسیم به ڕای تۆ کورد پێویستی به بوونی چەند پارتییه؟ وتم بۆ کورد یەک پارتی بەسە.ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی جیددی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەین ، دەبێ لە هەر پارچەیەکی کوردستان ئێستا بەرەی کوردستانی لە نێوان پارتییەکانیاندا دروست بکەن و پاشان لە نێوان هەرچوار بەرەکەدا بەرەیەکی کوردستانی گەورە دروست بکرێ، با هەر پارتییەک بیرو ڕای خۆی هەبێ، بەڵام دەبێ لەناو ئەو بەرەیەدا هەموو پێکەوە کار بکەن.

دیاردەیەکی تریش لە ناو خەباتی کوردا دەبینم، کە «**دیاردەی تیرۆریزم**»ە. کەلای هەندێک لایەن پەیڕەوی دەکرێ. کاتی خۆی ناوی ئەم دیاردەیە نرابوو«پەلەکردنی شۆڕشگێڕی». ئەم توند ڕەوییە لە هەندێ جاردا دەبێتە خزمەتێکی ڕاستەقینە بۆ دوژمنانی کورد، نەک بۆ گەلی کورد.

لە مێژووی کۆنی ڕووسیادا لەم جۆرە توند ڕەوییانە زۆرن. دەبێ ڕۆشنبیرانی کورد چاک مێژووی شۆڕشەکانی ڕووسیا بخوێنن، هەڵەی زۆرمان هەبووە کە دەتوانن پەندی لێ وەربگرن و سوودی لێ بکەن.

**لایەنی‌دەرەوەی‌خەباتی‌کورد:**

کێشەی کورد بە پێچەوانەی گشت کێشەکانی تری جیهان، جارانیش هەر مەسەلەیەکی نێو دەوڵەتی بووە، چونکە کورد بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوە. هەر کە کورد باسی مافی خۆی بکا، کێشەکە دەبێ بە کێشەی ڕاستەوخۆی ئەو چوار وڵاتە.

پێش جەنگی یەکەمی جیهانی کە کورد دابەشکرابوو بەسەر ئێران و دەوڵەتی عوسمانی دا. ئەو کاتە کێشەی کورد ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەرژەوەندی ئەو دوو وڵاتەوە هەبووە و ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو وڵاتە کۆلۆنیالییانەوە هەبووە کە بەرژەوەندییان لە ناوچەکەدا هەبووە، وەک فەرەنسا،ئینگلیز، ئەڵمان و ڕووسیای قەیسەری.لە نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی دا، جگە لەو چوار دەوڵەتەی کە ناوم هێنان هەندێ دەوڵەتی تریش کەوتنە ناو مەسەلەکەوە وەک عێراق و سووریا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بوو بە خاوەن بەرژەوەندی لەمەسەلەکەداو دەستی بۆ درێژ کرد.

لە سیاسەتی وڵاتانی بیانیدا، بۆ یەکەم جار لەپەیمانی سیڤەردا بە شێوەیەکی جیددی باسی لێکرا.یەکەم جار بوو کە وڵاتانی بیانی پەیمانیان دا بە کورد بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی کوردی سەربەخۆ.جاری یەکەم بوو کە لە سیاسەتی وڵاتانی بیانیدا بە جیددی باسی کوردستان و سەربەخۆیی کورد بکرێ. بەلای منەوە ئەوە نرخێکی سیاسی مەزنی هەیە.بەڵام ئەو لایەنانەی ئەو پەیمانەیان بەکورد دا، لەئەنجامدا، فێڵێکی گەورەیان لە کورد کرد. تەنانەت ئەو ئۆتۆنۆمییەش کە باسیان دەکرد بۆ کوردستانی تورکیا هەموو ئەو پارچەیەی کوردستانی نەدەگرتەوە. هەروەها بۆ ئەو سەربەخۆییەی باسیان دەکرد بۆ کوردستان، ئەوان مەبەستیان لە وڵاتێکی سەربەخۆ نەبوو، بەڵکو دەیانویست کوردستان لەژێر ئینتدابی بەریتانیای مەزن دا بێ. لە لایەکی تریشەوە ئەو بەندانەی کەلە پەیمانی سیڤەردا بوون، زۆربەی بە خواستی بەریتانیابوو، چونکە نە فەرەنسا و نە ئەمریکا بەوە قایل نەبوون بوارێکی وا بدرێ بە ئینگلیز بۆ دەستدرێژ کردن لە ناوچەی کوردستانی تورکیادا.

تەمەنی پەیمانی سیڤەر زۆر کورت بوو، پاش ماوەیەکی کەم پەیمانی لۆزان جێی گرتەوە. ئینگلیزو فەرەنسا دەیانویست کوردستان بخەنە ژێر دەستی خۆیان کورد بکەن بە داردەستی خۆیان لە ناوچەکەدا.، چونکە لەوە دەترسان سۆڤییەت کە تازە دامەزرابوو جەنگیان لە گەڵ داگیرسێنێ.

قۆناخی دووەم لەو کاتەوە دەست پێ دەکا تا ساڵی ١٩٥٨ کە شۆڕشی تەموز لە عێراق سەرکەوت. دوای ئەوەی جەنگی سارد لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا پەیدابوو، وڵاتانی ڕۆژئاوا دەیانویست لە کوردستان شوێن پێی خۆیان قایم بکەن و لەوێ بنکەی سەربازی دابمەزرێنن دژی یەکێتی سۆڤییەت. هەر ئەوکاتەش پەیمانی بەغداد مۆرکرا لەنێوان عێراق و ئێران و تورکیادا کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، ئەوە پەیمانێکی سەربازی ئەمریکی بوو دژی سۆڤییەت.

دوای شۆڕشی تەموز لە عێراق، بەتایبەتی دوای ئەوەی شۆڕشی کورد دەستی پێکرد. بزووتنەوەی کورد لە جیهاندا شێوەیەکی تری وەرگرت. دوای ئەوەی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفابارزانی شۆڕشی کرد و ماوەیەک شۆڕشەکە لەسەرپێ خۆی ڕاگرت، وڵاتانی دەرەوە، چ وڵاتانی ڕۆژئاوا و چ یەکێتی سۆڤییەت ناچار بوون بە چاوێکی تر سەیری

www.arsivakurdi.org

خەباتێکی ئازادیخوازانەیە.بەڕێکەوت نییە کە کوردستان بووە بە وڵاتی شۆڕشەکان. ئەگەر مرۆڤ سەیری مێژووی کورد بکا، بە بڕوای من دەبێ دابەش بکرێ بەسەر سێ قۆناخی بنەڕەتیدا. یەکەم قۆناخ لە خەباتی کوردایەتیدا ، ئەو قۆناخەیە کە ئاغا و سەرۆک خێڵەکانی کورد، ڕادەپەڕین ، بەرگرییان لە خۆیان و عەشیرەتەکەی خۆیان دەکرد. واتە ئەو کەسە داوی دەکرد کە لە ناوچەکەی خۆیدا سەربەخۆبێ. ئەو بزووتنەوانە هەمیشە دەکەوتن، چونکە عەشیرەتێک بەتەنیا دژی حکومەتێک شەڕی دەکرد، کاتێ کە لەشکری نیزامی حکومەتەکە دەهات سەرکەوتن بۆ حکومەتەکە دەبوو نەک بۆ عەشیرەتەکە. لەبەر ئەوە بەدەیان بزووتنەوەی چەکداری کورد هەبووە کەهیچیان سەرنەکەوتوون.

قۆناخی دووەم ئەو قۆناخەیە کە ئێمە لە سۆڤییەت ناوی دەنێین قۆناخی هوشیاربوونەوەی نەتەوایەتی بۆرژوایی. کە بۆرژوایی لەناو کوردا پەیدا بووەو بیری نەتەوایەتی بڵاوبۆتەوە. لەم قۆناخەدا بیری دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی لەناو میللەتی کوردا دروست بوو.دەتوانیین بڵێین ڕێکخراوی خویبوون بەرهەمی ئەو قۆناخەیە. ئەم قۆناخە لە کاتێکدا دەستی پێکرد کە کوردستان بەسەر دوو وڵاتدا دابەش کرابوو، لەپاشدا کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکرا. ئەوناوچەیەش کە کوردی تێدا دەژی کەوتە ژێر دەستی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسی. سەرکردایەتی خۆیبوون بریتی بوو لە ناودارەکانی ئەوکاتەی کوردستان، ئەو کەسانەی لەلایەن کوردەوە زۆر ڕێزیان لێدەگیرا، ئەوان دەیانویست بە هۆی «عصبة الامم» و هاوکاری دەرەوەو بە ڕێگای خەباتی چەکداری مافی خۆیان بسێنن.بەڵام حسابەکەیان زۆر هەڵە دەرچوو، بناغەی نەبوو. وڵاتانی کۆلۆنیالی ڕۆژ ئاوا هیچ حسابێکیان بۆ کێشەی کورد نەدەکرد. هەڵەیەکی تری خویبوون جگە لە پشت بەستنییان بە وڵاتانی دەرەوە، ئەوەبوو کە پەیوەندییان زیاتر بە وڵاتانی ئەورووپاوە بوو، پەیوەندییان لەگەڵ میللەتی کورد زۆر کەم بوو یان هیچ نەبوو .میللەت ئاگاداری چالاکییەکانیان نەبوو.

دوای ئەوەش کە خەباتی چەکداری دەستی پێکرد، هەرچەند بیروباوەڕیان وەک قۆناخی یەکەم نەبوو، بەڵام دیسان پشتییان بە سەرۆک عەشیرەت و شێخ و ئاغاکان بەست، بۆ نموونە سمایل ئاغای سمکۆ، شێخ مەحمودی بەرزنجی،شێخ سەعید. ئەم قۆناخە بە تەواو بوونی جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی پێهات.

لە شەڕی جیهانی دووەم تا ئێستا قۆناخی سێیەم پەیدا بووە، کە ئەمە خەباتی شۆڕشگێران، ڕۆشنبیران ، پێشکەوتنخوازانە لەناو کوردا. بەم قۆناخە دەڵێین قۆناخی شۆڕشی دیموکراتی.چونکە لە خەباتی کوردا ڕێگا زانستییەکان بەکاردەهێنرێ و سوود لە تاقیکردنەوەی گەلان وەردەگیرێ. سەرکردایەتی ئێستای بزوتتنەوەی کورد بە پێچەوانەی جارانەوە زۆربەیان لەناو جەرگەی میللەتی کوردەوە هاتوون و ڕۆشنبیرو شۆڕشگێڕن. ئەوە گرنگ نییە کە ڕەنگە هەندێ لەو کەسانە لە خێزانی دەرەبەگەوە هاتبن ، بەڵام ئێستا فیکری هاوچەرخیان هەیە. وەک نموونە دەتوانیین بڵێین ئەو کەسەی کە زۆر ڕێزی لای من هەیە و لای زۆر کەس لە ئێوەش ڕێزی هەیە، مەلا مستەفا بارزانی،یە. کە چۆن خەباتی بۆ کورد کرد. بە ڕای من یەکێکە لە ڕێبەرە هەرە گەورەکان لە مێژووی کورددا.

**باری ئیمڕۆی کوردستان:**

لێرەدا باسی مێژووی ئیمرۆی کوردستان دەکەین، لە ساڵی ١٩٨٠ تا ئێستا، ئەم ماوەیە زۆر گرنگە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە. لەم ماوەیەدا سێ خاڵی زۆر گرنگ هەیە کە دەتوانین لێرەدا باسیان بکەین، یەکەم ئەوەیە جاران کە شۆڕش لە یەکێ لە پارچەکان هەڵدەگیرسا بەشەکانی تر ئەوەندە بایەخیان پێ نەدەدا و بە هی خۆیان نەدەزانی.بەڵام ئێستا وانییە، خەباتی کورد لە هەرپارچەیەک بێ، یەکسەر هەموو پارچەکانی کوردستان هاوکاری دەکەن، هەرچەند شێوەی خەبات لە هەر چوار پارچەکە وەک یەک نییە، بەڵام لە هەر چواریاندا خەبات هەیە، لەلایەک زیاتر یان لە لایەک کەمتر ئەوە گرنگ نییە.گرنگ ئەوەیە کە کورد هەموویان لە خەباتدان بۆ گەیشتن بە مافی خۆیان.

دووەم خاڵ لە خەباتی نوێی کوردا بریتی یە لە هاوکاری یەکتر کردن سەرەڕای بیرو بۆچوونی جیاواز، ئەمەش شتێکی نوێ یە لە خەباتی کورددا. ئەگەر بڵێین پێش بیست، سی ساڵ خەباتی کورد بە سەرۆکایەتی یەک پارتی بوو« پارتی دیموکراتی کوردستان»، هەرچەند لە کوردستانی ئێران ، تورکیا و سوریا پارتی کوردی هەبوون بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بارزانی کاریگەرێتی لەسەر هەموویان هەبوو، ئەو سەرکردایەتی خەباتی هەموو پارچەکانی دەکرد. ئەو کاتە یەک ڕێباز و یەگ جۆرە بیرکردنەوە لە بزووتنەوەی کوردا هەبوو. بەڵام ئێستا دەبینیین کە بە دەیان پارتی کوردستانی هەیە، چ لە ناو کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان. بەڵام هەموو هاو ئامانجن، ئێستا بە هۆی فرە پارتییەوە قۆناخی یەک پارتی و یەک سەرکردەو یەک فیکر نەماوە.

خاڵی سێ یەم ئەوەیە کە زۆربەی لاوانی میللەتی کورد کە ڕۆشنبیرو خوێندەوارن، لەگەڵ جیاوازی بیرو بۆ چوونیان، بە شێوازێکی هاوچەرخانەو زانستییانە لە خەباتکردندان. ئەمە دیاردەیەکی ئیجابی و باشە لە خەباتی کورددا، بەڵام لە بواری دیموکراتیدا هێشتا کەمو کوڕی هەیە. دەتوانیین بڵێین هێشتا تێگەیشتنی سیاسی لەناو کوردا لە ئاستێکی بڵنددا نییە. ڕەنگە من بە هەڵەدا چووبم و ڕاست نەبێ کە بڵێم زۆر پارتیی کورد لەسەر ئەساس و پرنسیپی زانستی دانەمەزراون، بەڵکو زیاتر کەسێک ویستویەتی خۆی بەرزبکاتەوە، بەرژەوەندی خۆی لا گرنگ تر بووە لە بەرژەوەندی میللەت. لەبەر ئەوە پارتییەکان وا زۆر بوون. ڕەنگە من هەڵەبم ، بەڵام ئەوە بڕوای منە. ئەوە مانای ئینشقاق و لێک هەڵپچڕانە لە بزووتنەوەی کوردیدا، نەک دیاردەیەکی ڕاستە. هەموو کەس دەزانێ کە کورد پێکەوە بن کاریگەرێتییان زیاترە، ئەگەر ئەم دیاردەیە لە وڵاتێکی ئازاد دا، بێ مەعقولە، وڵاتێک کە سەربەخۆو ئازاد بێ ئاساییە چەند پارتییەکی تێدا بێ. بەڵام میللەتێک کە ژێر دەستەبێ، لە خەباتی ئازادیخوازانەدابێ ، ئەو فرە پارتییە پەرژەوەندی ئەو میللەتەی تێدا نییە.

www.arsivakurdi.org

چوارچێوەی کوردستانی ئێستا زۆر گەورەترە لە و کوردستانەی لە مێژوودا باسکراوە. وەک من تێ‌ی دەگەم کوردستان ئەو پارچە خاکەیە کە ئێران و عێراق و تورکیاو سوریا بەیەکەوە گرێ دەدات . ئەو ناوچانەیە کە کورد زۆربەی دانیشتوان پێک دێنێ. بەبڕوای من ئەوێ کوردستانەو مافی هەیە چارەنووسی خۆی بەدەست خۆیەوەبێ و تەنانەت ببێ بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. بەڵام شتێکی تر هەیە وەک باسم کرد کە چەند ملیۆن کورد هەن لەسەر خاکی خۆیان ناژین. ئەبێ بۆ ئەوانەش بارو دۆخێک ساز بکرێ کە مافی نەتەوایەتی خۆیان هەبێ ، وەکو ئەو کوردانەی لە بەشی رۆژئاوای تورکیادا دەژین، وەک کوردەکانی خۆراسان، کوردەکانی لوبنان و ئەو کوردانەی لە کۆمارەکانی قەفقاس دەژین هەروەها ئەو کوردانەی لە وڵاتانی دەرەوە پەنابەرن، ئەوانەش مافیان هەیە کە چارەنووسیان دیاری بکرێ.

بەبڕوای من ئەوە شتێکی مەزنە کە لەسوید، لەگەڵ ئەو ماوە دوورەی نێوان سوید و کوردستانیشدا حکومەتی سویدی بارودخێکی زۆر لەباری ڕەخساندووە بۆ ئەو کوردانەی کە لە سوید دەژین.

لایەنێکی تر کە میللەتی کورد مافی هەیە دەوڵەتێکی ئازاد و سەربەخۆی هەبێ، هەروەها دەخوازم بڵێم مافی هەیە و ئەو مافەش وەک فەرمانێکی ڕەسمی دەرناکرێ، بەڵکو مافێکی مێژوویی و واقیعی کورد خۆیەتی کە دەوڵەتی ئازادو سەربەخۆی خۆی هەبێ. بەئاواتەوەم بژین تا ئەو ڕۆژەی ئەم مافە دێتە دی و ئەوە بە چاوی خۆمان ببینین.

پرسی دووەم کە بەلامەوە گرنگەو دەمەوێ باسی بکەم لەسەر دانیشتوانی کوردە، دیسان ئەم پرسەش لە بواری زانیاریدا گرنگە هەروەک لە بواری سیاسیشدا گرنگە. ئەم پرسەش ئاسان نییە، وەک دەزانن ئەو وڵاتانەی کوردیان لەناو خۆیاندا دابەشکردووە هیچ جارێک هیچیان ژمارەیەکی راست و دروستی کوردی نەداوە بە دەستەوە. ئەگەر تەماشا بکەین حکومەتی تورکیا نە ئێستا و نە لە سەردەمی کۆنیشدا، یان ئێران، حەقیقەتی ژمارەی دانیشتوانی کوردیان زۆر بە بێ شەرمانە تەزویر کردووە و ژمارە راستەقینەکە ئاشکرا ناکەن. ئەوان ژمارەی کورد ون دەکەن، دەخوازن کورد وەک چەند خێڵ و عەشیرەتێک بناسێنن، ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی شۆفێنیزمانە و رەگەزپەرستانەی خۆیان.

بۆ مەسەلەی کوردو ڕەگەزی کورد هەندێک هەن کە ناتوانیین بە دڵنیاییەوە بڵێین کوردن، بەلام نزیکی کوردن و زمانەکەیان نزیکی زمانی کوردییە، وەک لوڕ،لە زەمانێکدا بەختیارییەکانیش بە کورد حساب دەکران. لای ئێمەی کوردناسە سۆڤێتییەکان هێشتا باوەڕمان نەبۆتە یەک کە ئایا بەختیارییەکان کوردن یان نا. بەختیارییەکانیش رۆژێ لە رۆژان خەباتی چەکدارییان هەبوە، بەڵام هی خۆیان بووەو بە خەباتی کورد دانەنراوە. لە مەسەلەی کوردو کوردستاندا ئێمە نەمانبینوە کە لوڕ و بەختیار خۆیان بەکورد دابنێن. بەڵام حەقیقەتێک هەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا لوڕ بە جیددی دەستی پێکردووەو خۆی بە کورد دادەنێ . ئێمە ئەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لوڕ و بەختیار شیعەن و شیعەی تۆخیشن. کەچی لە کوردستان زۆربەی خەڵک سوننەن و ئەگەر شیعەش هەبێ وەک ئەوان تۆخ نین.

جگە لەوانەش، ئەو کوردانەی کە لە بەشی ئەورووپی‌ی تورکیادا دەژین، بەهۆی تێپەڕبوونی ساڵەهای ساڵ بەسەر ژیانیاندا لە بەشی رۆژئاوای تورکیا، ئێستا زیاتر خۆیان بە تورک دەناسن نەک بە کورد. ئەوانە بوون بە تورک نازانم چۆن بڵێین ئەوانە کوردن. ئەوانە بە شێوەیەکی وا لە کێشەی کورد دوور کەوتونەتەوە هەندێکیان وەک عیسمەت ئینونو گەورەترین دوژمنی کوردو کێشەی کورد بووە. ئەم پرسیارە زۆر زەحمەتەو بۆ وەڵامدانەوەی ماندوبوونێکی زۆری دەوێ. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا من و ئەو کەسانەی لە مەعهەدی رۆژهەڵاتناسی سۆڤییەت لەگەڵم کاردەکەن ڕامان هەر لەگەڵ ڕای گەلی کوردەو ئەوانە هەر بە کورد حساب دەکەین. دیارە ئەمە بە تەنیا ڕای ئێمە نییەو ڕای زاناکانی رۆژئاوایشە کە وەک ئێکسپێرت لە نەتەوە یەکگرتووەکان کاردەکەن. بەلای منەوە، کورد بەلایەنی کەمەوە بیست ملیۆنە، بەڵام بڕوام زۆرە کە کورد بیست و پێنج ملیۆن بێ.

**لایەنی ئابووری:**

پرسێکی تر لە پرسەکانی کێشەی کورد کە گرنگەپرسی ئابوورییە. بەلای منەوە زۆر گرنگە کە بە شێوەیەکی زانستی هۆی ئەوە بدۆزینەوە کە بۆ چ لە رابوردوو چ لە ئێستادا کورد لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دواکەوتووە.لە زۆرجێگا دەبینین هێشتا پەیوەندی خێڵایەتی بەهێزە.ئەمە بەشێوەیەکی زۆر دیار دەبینرێ لەناو لوڕ و کوردەکانی عێراقدا. ئەم بابەتە زۆر گرنگە بۆ ئێمە لە بواری زانیستی دا، بۆئەوەی بتوانیین جۆری ژیانی ڕابووردوو ئێستای کورد دیاری بکەین و بزانن چ تواناو ئیمکانیاتێکی لەبەردەمدایە، هەموو کەس دەزانێ ژیان لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان وەک یەک نییە، هەر پارچەیەک جیاوازە لە پارچەکانی تر. ئەو پارچەیەی لە تورکیایە لە هەموو پارچەکانی تر زیاتر پێشکەوتووە. چونکە تورکیا لەم چل ساڵەی دواییدا هەنگاوی زۆر گەورەی بەرەو پێشەوە ناوە بە بەراورد لەگەڵ هەرسێ وڵاتەکەی تر(ئێران، عێراق، سوریا)، ئەوەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە لەسەر باری ژیانی کورد لەو پارچەیەی تورکیادا.لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەی کوردی لە تورکیا پاشکەوتووترە لە بەشەکانی تری تورکیا، بەڵام ئەم بەراوردە لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستانە. پارچەی هەرە پاشکەوتووی کوردستان، بەڕای من پارچەی کوردستانی ئێرانە، بە تایبەتی ناوچەی لوڕ. ئەگەر بخوازین هەر چوار پارچەکەی کوردستان بکرێ بەیەک و پێکەوە بەرەو پێشەوەبچن، ئەوە کارێکی زۆر گرانەو کاری زۆر دەوێ، بۆئەوەی ئاستی خەبات و تێکۆشانی سیاسی لەهەموو لایەکان وەک یەک بێ. ئەم بارودۆخە هەر کورد ناگرێتەوە، بەڵکو زۆر میللەت ئاوا لەت لەت کراون و وایان بەسەر هاتووە، تەنانەت دەتوانین بڵێین لە ناو ئەڵماندا شتێکی لەم بابەتە هەیە،یان لە نێوان کۆریای سەروو لەگەڵ کۆریای خواروو.

**لایەنی سیاسی کێشەی کورد :**

خەبات و تێکۆشانی میللەتی کورد





www.arsivakurdi.org

# سیمیناری پروفیسۆر م.س. لازاریف لە ستوکهۆڵم

ڕۆژی ١٩٨٩/١١/١١ لە هۆڵی -FOL KETSHUS ی ستۆکهۆڵم کورد ناسی سۆڤییەتی م.س.لازاریف سیمینارێکی لەسەر مێژووی کوردو کوردستان پێشکەشکرد.

شایانی باسە کە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوید میوانداری لازارێف ی کردبوو، هەروەها سیمینارەکەش بە سەرپەرشتی فیدراسیۆن ئامادەکرابوو.

سیمینارەکە بە زمانی ڕووسی بوو، کاک بەشیر ڕاستەوخۆ دەیکرد بە کوردی.

دەقی سیمینارەکە

سەربەرزی و شانازییە بۆمن کە لەگەڵ ئێوە دانیشتووم و بواری ئەوەم هەیە بەناوی خۆم و کوردناسەکانی سۆڤییەتەوە بدوێم.

یەکەم جارە کە من دێم بۆ ستۆکهۆڵم و یەکەمجارە لەبەردەم ئەوەندە کورددا دەپەیڤم . من خۆشحاڵم کە لە ستۆکهۆڵم ئەم سیمینارە پێشکەش دەکەم. چونکە ئەم پایتەختە لە ساڵی داهاتوودا چالاکییەکی مەزن بە خۆیەوە دەبینێ لەسەر کێشەی کورد.

وەک هەموو ئاگادارن سیمینارەکە لەسەر مێژووی کوردو باری ئێستای کوردە. یان دەتوانین ناوی بنێین کێشەکانی ئیمڕۆی بزووتنەوەی کوردو خەباتی کوردایەتی . پیاو دەتوانێ بپرسێ کێشەی کورد، یان بزووتنەوەی کورد چیە؟

لە کاتی ئێستادا کە ژمارەی میللەتی کورد ٢٠-٢٥ ملیۆنە، میللەتێکی بێ وێنەیە، واتە لەگەڵ ئەم ژمارە گەورەیەدا میللەتێکە تا ئێستا وڵاتی ئازادی خۆی نیە، بن دەستە. لەبەر ئەوە من لەو باوەڕەدام کە کێشەی کورد لە جیهاندا یەکێکە لە کێشە هەرە گرنگەکان.

من لێرە وەک مرۆڤێکی ڕەسمی قسەناکەم تا بیروڕای حکومەتەکەم دەربڕم، بەڵکو وەک زانایەکی کوردناس لەگەڵتان قسەدەکەم. کاتێک کە من پرسیم ئایا کێشەی کورد چییە؟ لەناو ئەم پرسیارەدا



گەلێک پرسی تر سەرهەڵدەدەن و مرۆڤ ناچار دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارانەش بداتەوە. ڕاستییەک هەیە کە ئەوەیە، هەر کە ناوی کورد بێ گیروگرفت دێتەوە بیرمان، واتە ناوی کورد بێ کێشە بەکار نایەت. تا ئێستا بە تەواوی وەڵامی ئەم پرسیارە نەدراوەتەوە. ئایا کورد میللەتێکە یان گروپێکی ئەتنۆگرافییە. تا ئێستا ڕای کوردناسان جیاوازەو یەک نییە لەسەر ئەم پرسیارە.

تایبەتییەتی نەتەوە بۆ کورد، بە شێوەیەکی گشتی تا ئێستا ئاشکرا نەبووەو بەتەواوی لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە. یەکێک لەو خسوسیاتە بنگەییانەی کە دەبێ لە نەتەوەدا هەبێ «زمان»ـە .لەزمانی کوردیدا بڕێک گیروگرفتی تایبەتی هەیە کە من ناتوانم بێژم زمانێکی نەتەوەیی هەیە. چونکە میللەتی کورد نەک تەنیا لەڕووی سیاسییەوە لەیەک دوورکەوتونەتەوە، بەڵکو لەهجات و شێوەزمانەکانیش گەلێک لەیەکتر دوورن.تائێستا لەناو زاناکانی سۆڤییەت و ڕۆژئاواشدا گەلێک لێکۆڵینەوە هەن کە شێوەزمانی کرمانجی، سۆرانی، زازایی ،لوڕی و... دڵنییانین کە ئایا بە یەک زمانیان دابنێین یان بە زمانی جیاجیا.بەباوەڕی من ئەمە کێشەیەکی زانیارییەو ناتوانیین بڵێین ئەمە کێشەیەکی سیاسییە، چونکە ئەگەر هەندێک قەناعەتیان وابێ ئەمانە زمانی جیاجیان و یەک زمان نین، ئەوا دەبێتە دەستدرێژییەکی مەزن بۆ سەرکوردو دەبێتە هۆی پارچە پارچە بوونی نەتەوەی کورد.لەبەر ئەوەی من زمانناس نیم ناتوانم بە تەواوی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. بەڵام دەڵێم دەبێ میللەتی کورد لەم مەسەلەیە بکۆڵنەوەو گرنگی پێ بدەن و هەوڵ بدەن یەکێتی زمان پێکبهێنن.

دووەم گیروگرفت بۆ کێشەی کورد مەسەلەی دیاری کردنی سنووری کوردستانە. ئەگەر وەک زمانی فارسی کۆن شی بکەینەوەو بڵێین کوردستان مانای شوێنی کوردە ،ئەو شوێنەیە کە کوردی لێ دەژی، ئەوە وشەیەکی زۆر مانا تەسکەو ناتوانرێ سنووری بۆ دابنرێ، چونکە کورد هەیە لە سەر خاکی کورد دەژی، بەڵام لە هەمان کاتدا کورد هەیە کە لەسەر خاکێکی تر دەژی کە کوردستان نییە. ڕاستە کە زۆربەی کورد لە سەر خاکی کوردستان دەژی ،بەڵام چەند ملیۆن لە دەرەوەی خاکی کوردستان دەژی.سنووری کوردستان سنوورێکی نەگۆڕ نییە. لە مێژوودا جار هەبووە زیادی کردووەو جار هەیە کەم بووە.ئەوکوردستانەی لە مێژوودا باسی دەکرێ و ئەو کوردستانەی ئیمڕۆ کوردی لێ دەژی جیاوازییان زۆرە،

www.arsivakurd.org

ئالاّ سوورەکە، هەموو وایان دەزانی من مەلام ئێستا ئالا سوورەکە دەدرێنم. بەلاّم من دووجاران ئالاّ سوورەکەم ماچ کرد، ئەوانەی لایەنگری ئالاّ سوورەکە بوون هەموو دەستیان هێنایە خوارێ و لە خۆشیاندا کەوتنە چەپڵە لێدان. دوایی چوومە لای ئالاّ سەوزەکە بە مەلایەکم وت مامۆستا دەست بکە بە قورئان خوێندن با دەستەکەی تریش نەڵێن لەگەڵ ئێمە نییە. بەلاّم جەماعەتی موخالیف، گوتیان فلاّن کەس کافرە ئالاّی سووری ماچ کردووە. بەهەرحاڵ خەڵکەکەمان لەیەکتر جیاکردەوە. جا ئەمە بەشێکە. هەر خەریکی خەباتکردن بووین، هەندێک لە گیروگرفتەکانمان بۆ چارەسەر دەکراو هەندێکی تریش چار نەدەکران.

ئەو کاتە وەک ئێستا فیکر پێگەیشتوو نەبوو، من و سازمانەکانی تریش، زۆر شتمان کردووە کە ئەگەر ئێستا بوایە نەماندەکرد، یان زۆر شتمان نەکردووە گەر فیکری ئێستامان هەبوایە نەماندەکرد.لە سیاسەتدا هەورازو نشێو هەیە. بەکورتی ئەمەبوو. ئەوە دەساڵیشە لەو شاخانەین و خەریکی خەباتین و تا مردنیش لەسەری بەردەوام دەبین .

بەربانگ : مامۆستا شێخ عیزەدین زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئامادەبونتان بۆ ئەم چاوپێکەوتنە.

شێخ عیزەدین: ئومێدەوارم و لە خوا داواکارم کە گۆڤارەکەتان ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەسەندندابێ و سەرکەوتوتربێ و بتوانن زیاتر خزمەتی کورد بکەن . هیوادارم فیدراسیۆن بتوانێ زۆربەی زۆری کوردی سوید لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە بێ گوێدانە هیچ جۆرە دەمارگیرییەکی فیکری و ناوچەگەری . ئێمە هەموو کوردین و هەموو خەڵکی کوردستانین. ئەگەر چی ئێمە خۆمان وا ناکەین، بەلاّم ئێوە دەتوانن ، ئێوە وابکەن.کوردستانی بن. بەیەکەوە خەبات بکەن


ئامادەکردنی

دارا ڕەشید ، ن.کریف

١٩٨٩/١١/٢٦

سوید


پەخشان:

# گوڵبژێرێک لە پەخشانەکانی کارۆ


گۆڕینی : ج. ماله


## فرمێسکی ڕەزا

دڵم لەو هەموو گرفتاری و جەورو ستەمە گیرابوو. چوومە سۆراغی دۆستێکم. گوتم: وەرە لە پێناوی ساتێ فەرامۆشی و بەبادانی غەم و پەژارە بڕۆین چەند پێکێ هەڵدەین.
پەنامان بردە ژێر سایەی ڕەز، کە تاقە سایەبانی حەوشەکەمان بوو. هێشتا هەوەڵین پێکی شەرابم هەڵ نەدابوو، دڵۆپێ ئاو لە قڵیشی لقێکی شکاوەوە داچۆڕییە ئامێزم.
بە سەر سووڕمانەوە لە دۆستەکەم پرسی : ئەم دڵۆپە چی بوو؟ دۆستەکەم وەرامی دامەوە، ڕۆحمی ڕاچڵەکاند، گوتی ئەوە ڕەزە ئەگری ! ئەیەوێ تێمان گەیەنێ! کە ئەی بێ ویژدانانە هەرهیچ نەبێ خوێنەکەم بەبەرچاوی خۆمەوە مەخۆنەوە.

## خێـــڵ

جوتیارێکی پیر بە خەمەوە ئەی گوت: گەورەم ئاغا! ئاخر دەردوو غەمی من یەک و دووان نییە، بەو هەموو نەداری و چەرمەسەری و بێ بەختییەوە نازانم بۆ خودا لە ئاستی من ئاوایە، چاوی تاقە کیژەکەمی خێل کردووە ؟!
کیژەکەم هەموو شتێ " دوو دوو " ئەبینێ.
ئاغا بە توڕەییەوە گوتی : بەدبەخت چل ساڵە نانی من ژەهرە مار دەکەی! ئەڵێی کوێر بووی، ئەی نەت بینیوە کچەکەی منیش خێڵە.؟!
گوتی: چۆن، گەورەم بینیومە ... بەلاّم کیژەکەی تۆ هەموو خۆشییەک " دوودوو " ئەبینێ، کیژەکەی من هەموو ناخۆشییەک...

---

کارۆ ، نووسەرێکی ناوداری ئێرانییە کە بە ڕەگەز ئەرمەنییە.


تی شێرتی هەڵەبجە

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید فانیلەیەکی دروست کردووە کە ناوی هەڵەبجەی لەسەر چاپکراوە. لە قەوارەی(S,M,L,XL). نرخی ٦٠ کرۆنە. دەتوانرێ لەسەر ناونیشانی ئەم گۆڤارە داوای بکرێ.

محەمەد عەبدە هی سەردەمی خۆیان بوون و بۆ ئەم سەردەمە دەست نادەن و ئێستا دەبێ بڕێک شتی تریان بۆ زیاد بکرێ.
ئەو فەقێیانەی من پەروەردەم کردوون، هەموو خاوەن بیری تایبەتی خۆیان بوون، وەک فەقێ ی ئاسایی نەبوون، تەنانەت لە زۆر جێگا فەقێ ی منیان ڕانەدەگرت، بۆ نموونە لە شاری لاجان فەقێی منیان قبوڵ نەدەکرد.
لە مەسائیلی سیاسیدا، باوکم کە لە بانە دەژیا، جۆرە پەیوەندییەکی لە گەڵ شێخ مەحموود هەبوو، شێخ مەحموودی خۆش دەویست.کە وەزعی ڕەزا شا تێک چوو، من چووبوومە موکریان، لەوێ کۆمەڵەی ژ.ک دروست بوو بوو ، وردە وردە ڕۆحی میللی و شیعرەکانی هەژار و هێمن قوڵتر کاریان تێکردم. هەندێک لە دۆستەکانم، کە زۆر نیشتمانپەروەربوون، زۆر قسەیان بۆ دەکردم، زۆر کاریان تێکردم. پاشان بوومە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک.
کۆمەڵەی ژ.ک کاریگەریتی زۆری تێکردم، چونکە یەکەمین کۆمەڵەبوو کە لە کوردستانی ئێران دروست بووبوو. جگە لەوەی کە ژ.ک کاریگەریتی سیاسی هەبوو بۆ سەر خەڵک، هەروەها لە ڕووی ئەخلاقی ئیجتماعیشەوە کاریگەریتی بەهێزی هەبوو.خەڵک درۆیان لەگەڵ یەکتر نەدەکردو خیانەتیان نەدەکرد،ئەگەر شەڕ لە نێوان دووکەسدا ڕووی بدایە ئەگەر خوێنیش ڕژابایە، شەڕ کەرەکان ڕادەوەستان بزانن ژ.ک دەڵێ چی و چۆن حوکمیان دەکا.واتە ژ.ک بە جوانی و بە ڕاستی خەڵکی پەروەردە دەکرد.ئێستاش دەڵێم ئەو دووساڵەی لەناو کۆمەڵەی ژ.ک دا بووم ماوەیەکە لەماوە هەرە گەش و ڕووناکەکانی ژیانی منە کە وێژدانم تیایدا ئاسوودەبوو.
دوای ئەوەی کۆمەڵەی ژ.ک بوو بە حیزبی دیموکرات ئیتر من کارم نەکرد،لە سەردەمی خوالێخۆشبوو پێشەوا قازی محەمەددا پێنج مانگ لە مەهاباد بووم، بەڵام کاری حیزبیم نەدەکرد. لەبەر هیچ هۆیەک نەبوو، بەڵام پێم خۆش نەبوو لەناو حیزبدا کاربکەم. بەڵام لەسێدارەدانی قازی محەمەد زۆر زۆر کاریتێکردم، ڕۆژی لە سێدارەدانی قازی پێم وابوو دنیا ڕەش بووە.

لەزەمانی مصدق دا من تەرەفداری مصدق بووم، ئەوکاتە لە دێیەک بووم، بەڵام کە مصدق ڕوخا لەوێ دەریانکردم.
لە شەستەکانیشدا، لە١٩٦٧-١٩٦٨دا کاتی مەلا ئاوارەو سولەیمانی موعینی ، من لەسابلاخ لەگەڵ کۆمیتەی ئینقلابی کارم دەکرد.
لەم دواییەدا، واتە بەر لە شۆڕش و لەکاتی شۆڕشی ئێران و کوردستاندا ئەوە بەدرێژی باسی ناکەم بۆ خۆتان ئاگادارن. دەستی باڵام هەبوو لە ڕێکخستنی خۆ پیشاندانەکاندا ، بە تایبەتی لە مەهاباد، کە من بۆ یەکەم جار چومە سەر قەبران بۆ

## دەبێ شێوەی خەباتی خۆمان بگۆڕین. ئێمە تا ئێستا هەر دەستمان داوەتە چەک و ڕوومان کردۆتە شاخ

ناشتنی تەرمی عەزیز یوسفی، یەکەمین شەهید لە شاری مەهاباد. چوم بەکوردی تەڵقینم دادا، تەڵقینەکەش بەم جۆرەبوو:"دوو مەلائیکە دێن ، ڕۆحانێن وەک گیانی تۆ، پرسیار دەکەن، وەڵامیان بدەرەوە، بڵێ خودایە لە بارەی تۆدا زۆر موقەسیرم هیچم بۆ نەکردووی، بەڵام لەبارەی خەڵکدا، فیداکاریم بۆ خەڵک کردووە، بیست و پێنج ساڵ زیندانم بینیوە، ئەشکەنجەدراوم، لە موقابیلی خەڵکدا ڕووسوورم،گەر ئەوەم بۆ حساب دەکەی زۆر چاکە. بەڵام لە موقابیلی تۆدات هیچم بۆتۆ نەکردووە.پاشان وتم : بڵێ خوایە تۆ خۆت وتوتە کە من دوو عەزاب لەسەر خەڵک خڕ ناکەمەوە، ئەگەر یەکێک لە دنیادا عەزاب ببینێ لە قیامەتدا عەزابی نادەم. ئیتر دوای ئەم هەموو عەزابەی دنیا چیم لێ دەکەی. دوایی ئەو ئایەتەم خوێندەوە " ولاتحسبن الذین قتلوا فی سبیل الله امواتا... " چونکە من پێم وایە هەر کەس لەڕێی هەقدا بکوژرێ شەهیدە، مەرج نییە کە ئامانجەکەی هەر ئامانجی مەزهەبی بێ. ئامانجێکی پیرۆز مرۆڤ لە ڕێیدا بکوژرێ شەهیدە. ئەوپێشمەرگانەی کوردستان لای من هەموویان شەهیدن. دوای ئایەتەکە ئەو

شیعرەی پیرەمێردم خوێندەوە :
" ڕێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لەدڵی میللەتا ئەژین "
ئیتر لێرەوە شتەکە تەقییەوە ، بۆ سێ ڕۆژانەی عەزیز یوسفی لە سەرتاسەری کوردستانەوە خەڵک هاتبوون بۆ مەهاباد.
دوای ئەوەش کوڕێک کوژرا، دیارە ئەوەش داستانێکی هەیە، من لەماڵ نەبووم کە هاتەوە وتیان ئەو کوڕە لە خۆپیشاندانێدا شەهید بووە و شێرو خورشید تەرمەکەی نادەنەوە. کە چووم تەماشام کرد بارەگای شێرو خورشید پڕە لە پاسدار و ڕێگا نادەن کەس بچێتە ژوورەوە، منیش چوومە پێشەوە، سنگم کردەوە ، بە سەرۆکی پاسدارەکانم وت، واز لەو خەڵکەبێنە ئەوە من هاتووم،ئەگەر دەتانەوێ من بکوژن، دەنا ئێمە دێینە ژوورێ و تەرمەکە دێنینە دەرێ. درمان بە پاسەوانەکاندا و چوینە ژوورێ، تەرمەکەمان هێنا بەڕێزێکی زۆر گەورەوە ناشتمان.
لە خۆ پیشاندانەکاندا نەمدەهێشت ئەو دروشمانەی لە شۆێنەکانی تری ئێران بەرز دەکرایەوە لای ئێمەش بەرز بکرێتەوە، مەبەستم لە دروشمی ئیسلامییە، من دەمگوت، ئێمە لە مزگەوت ئیسلامین، نوێژ دەکەین، قورئان دەخوێنین، بەڵام لەسەر شەقامەکان ئێمە سیاسین و داوای سیاسیمان هەیە.
ئەوەش کە دەڵێن فلان کەس ئاڵای سووری ماچ کردووە، ڕاست دەکەن، ئاڵای سوورم ماچ کردووە، ئەوە لە خۆ پیشاندانەکاندا خەریک بوو کۆمۆنیستەکان و مەزهەبییەکان بچن بەگژیەکتریدا. قەرەباڵغییەکی زۆر بوو، کە چووم بینیم ئاڵایەکی سوور لەملایەو ئاڵایەکی سەوز لەولایە، هەردووڵاش بە دزییەوە چەکیان هێنابوو. منیش چووم بۆلای



www.arsivakurdi.org



باشە با خەباتی خۆی بکا، بەڵام با کۆمۆنیستی کورد بێ، با کار بۆ میللەتەکەی خۆی بکا، یەکێکی تر ئیسلامییە، هیچ گیروگرفت نییە بە مەرجێک کۆنەپەرست نەبێ، با لەڕێ ی ئیسلامییەوە خزمەتی میللەتەکەی خۆی بکا.لە مەلایەکیان پرسی : مامۆستا لە ئیسلامدا میللیەت هەیە. وتی:نا. وتیان: ئەدی بۆ هاتویتە ناو شۆڕش . وتی: من میللەتەکەم ژێردەستەیەو خەبات دەکەم بۆ ڕزگاربوونی. جامن ڕیزی مەلایەکی وا دەگرم، خزمەتی دەکەم، با ڕۆژی هەزار رکات نوێژ بکا.

**بەربانگ:** ئیمرۆ لە جیهان گەلێک دۆستی کورد هەن، لەگەلێک شوێن بەرگری لە گەلی کورد دەکەن.بەڵام هەموو یەک تێبینییان هەیە، دەڵێن ئێوە وەک کورد، وەک یەک میللەت و یەک پارچە نایەن بۆلامان و نوێنەرایەتییەکی یەکگرتووتان نییە.واتە ئێمە وەک میللەت یەکدەنگ نین.بۆ نموونە وەک فەلەستینییەکان ڕێکخراوێکی یەکگرتوومان نییە.هەر پارچە، تەنانەت هەر ڕێکخراوێکیش هەر بە تەنیا نوێنەرایەتی خۆی دەکات. بەلایەنی کەمەوە، لەدەرەوەی کوردستان پێویستمان بە ڕێکخراوێکی یەکگرتوو هەیە بۆ گەیاندنی دەنگی میللەتە ماف خوراوەکەمان بەجیهان.ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەم کێشەیە دەکەن و چ چارەسەرێکی بۆ دادەنێن.

**شێخ عیزەدین:** ئەو کەسانەی کە وا دەڵێن دوورن لە واقیعی کوردستان و ئاگاداری هەل و مەرجی ئیمرۆی پارچە پارچەکانی کوردستان نین.هەر پارچەیەکی کوردستان هەل و مەرجی تایبەتی خۆی هەیەو لەبارو دۆخی ئیمرۆدا خەباتەکەی پەیوەندی بەو وڵاتەوە هەیە کەئەو پارچەیەی پێوە بەستراوە.وەک فکر فیکرەکە مەعقولە کە نوێنەرایەتییەکی یەکگرتووهەبێ. بەبڕوای من ئەوانەی لەدەرەوەن ئازادترن لەوانەی لە ناوەوەن . ئەورووپا کوردێکی زۆری لێیە، نزیکەی ملیۆن و نیوێکی لێیە. ئەوان دەتوانن بە هەر شێوەیەک بێ نوێنەرایەتی میللەتی کورد بکەن. بەڵام لەبارو دۆخی ئیمرۆی کوردستاندا لە ناو کوردستانەوە ناتوانرێ ئەو دەنگە یەکگرتووە ئامادەبکرێ، ئێمە کە لەدەروونی کوردستانداین، زیاتر ئاگاداری واقیعەکەین وەک لە وانەی کە لەدەرەوەن و لە دەرەوە سەیری مەسەلەکە دەکەن. فەلەستینییەکان لەبەرامبەر یەک وڵاتدا خەبات دەکەن بەڵام هەر پارچەیەکی کوردستان لەدژی وڵاتێکی تایبەتی لە خەباتدایە کوردستانیش بەسەر پێنج وڵاتدا دابەشکراوە.

ئەگەر لە هەل و مەرجی ئیمرۆدا، خۆزگە ئەو هێزانەی کە لە کوردستان خەبات دەکەن یەکگرتووبونایە، هەر یەکە لەو پارچەیەی کە تیایدایە ناکۆکییەکانی ناو خۆیان چارەسەربکردایەو بە یەکەوە خەباتیان بکردایە، ئەوە بۆ ئێمە زۆردەبوو، بزووتنەوەکەمان زیاتر بەرەو پێشەوە دەچوو.

لەوەلامی پرسیارێکدا سەبارەت بە ژیانی تایبەتی خۆی مامۆستا شێخ عیزەدین وتی:

من لە ساداتی بەرزنجەم،لەبانە سالی ١٩٢٢ لەدایک بووم ، لە خێزانێکی ڕۆحانیم، باوکم مەلا بوو، لەلایەن خەڵکەوە خۆشەویست بوو. باوکم دژی ڕەزا شابوو، بەدیکتاتۆری دادەنا، دەیگوت ڕەزاشا کافرو مەلعونە.

من وەک هەموو کوڕەمەلایەک لە مەدرەسەی دینی دەرسم خوێندووە، ماوەیەک حەزم لە خوێندنی ئاینی نەبوو، حەزم دەکرد بچمە قوتابخانە بەڵام بابم نەیدەهێشت، پاشان وا ڕێکەوت کە من بچمە فەقێ یەتی. کە چومە ناو فەقێیان، فیکرم گۆڕا، زۆر بە جیددی کەوتمە خوێندن . خوێندنەکەم هەر لە کوردستان بووە لەمەهاباد، لە مەریوان لای مامۆستا گەورەکان خوێندوومە،تا علومی مەلایەتیم هەموو تەواو کردووە. پاشان بووم بە مەلا لە دێیەک، دەرسی دینیم وتۆتەوە. ئەوە وەک هەموو مەلایەک. بەڵام شتێک کەمن بۆ خۆم گرنگەو لێرەدا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە لەو کاتەوە کە بیرم کردۆتەوە بیروباوەڕی گشتی خەڵکم بەدڵ نەبووە، تەنانەت کە فەقێ بووم بیروباوەڕ و بۆ چوونی مەلاکانم بەدڵ نەبوو، لە زۆر شتدا دژیان دەبووم، مەسەلەی شێخێتی،مەسەلەی خەلیفایەتی،زوڵم لە خەڵک کردن،بۆ نموونە کە دەمبینی لە دێیەکدا خانوویەکی بەرزو خۆش هەیەو خانووەکانی تر هەمووی نزم و ناخۆشن. واتە خانووی ئاغا، خۆ بەگەورەزانینی ئاغا و سەیرکردنی هەموو خەڵک وەک نۆکە ،ئەوە بەڕاستی بۆمن قابیلی تەحەمول نەبوو. یان مەسەلەی شێخ و موریدو دەروێشایەتی کە فیکری خەڵکەکەیان بەستبوو، عەقڵ و هۆشیان لێ سەندبوون، ئەوانە نەدەچوونە مێشکمەوە.کە قسەم دژی ئەو شتانە دەکرد، قسەکانم لەناو خەڵکدا بڵاو دەبۆوەو دەماو دەمی دەکرد. هەندێک هەبوو دەیانگوت بابی فلان کەس زۆر پیاوی چاک بوو بەڵام حەیفە بۆ خۆی کافرە، بەهاییە.کە بۆخۆم بووم بە مەلا زیاتر دەستم کرد بە خوێندنەوەی هەموو جۆرە کتێبێک، بە تایبەتی کتێبەکانی ئەزهەر، کتێبەکانی جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەممەد عەبدە و نووسەرەکانی تری ئەو شێوە فیکرە نوێیەی ئەو کاتە. ئەوانە زۆر کاریان تێکردم، لەکاتی دەرس وتندا ئەو بیرو ڕا باشانەم رادەگەیاند. جگە لەوانە کتێبی تریشم دەخوێندەوە وەک کتێبە سیاسییەکان و کتێبە ئەدەبییەکان، هەموو کاریگەری خۆیان هەبوو.دوایی وام لێ هات ، بەهۆی خوێندنەوەی کتێبی نوێترەوە ، بگەمە ئەو بڕوایەی کە کتێبەکانی جەمالەدین و

www.arsivakurdi.org

تیرورە کەس قبوڵی ناکا، تەنانەت لە قورئاندا چەند جارێک ئەوە هاتووە کەنابێ غەدر بکەین،جا غەدر لەوە گەورەتر؟.
من هیچ کاتێک دژی گفتوگۆ نیم،دژی ئەوە نیم کە ئوپوزسیونی کوردستان لەگەڵ دەوڵەت دانیشێ بۆ گفتوگۆ، هیچ جارێک ئەوەم ڕەت نەکردۆتەوەو ڕەتیشی ناکەمەوە. بەڵام دەڵێم ڕژێم درۆ دەکا،ئەوە کەڵکە، ئەگەر ڕاست دەکا بۆ لەگەڵ هەموو باڵەکانی ئوپوزسیون نایکا، بۆ بەنهێنی و بەدزی دەیکا. بەڵێ من دژی گفتوگۆیەکم کە تەنیا لەگەڵ یەک لایەن بێ و بە دزی بێ.من لەگەڵ ئەو جۆرە گفتوگۆیەم کە لەگەڵ هەموو هێزە کوردستانییەکان بێ و بەئاگاداری خەڵک بێ نەک بە دزییەوە.ئەگەر شتێک بە ئاشتییانە بەدەست بکەوێ شەڕی بۆ بۆدەکەم .من پێم وانییە جەمهوری ئیسلامی هیچ مافێک بدا، دەبێ شەڕی بکرێ تا لەناو دەبرێ، ئەگینا هیچ چارەیەکی تری نییە.لەو باوەڕشدام کە لەناودەچێ، چونکە بەڕاستی ئەوە لەگەڵ ئەم قەرن و سەردەمە ناحەوێتەوە.

**بەربانگ:** ئیمڕۆ لە کوردستان، چ لە دیوی عێراق، چ لە دیوی ئێران، دوای چەند هەرەس و تێکشکان کە بەسەر بزووتنەوەکەماندا هاتووە، میللەت دوچاری ڕەشبینی و بێ هیوایی بووە. ئایا ئێوە پاشەڕۆژی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد چۆن دەبینن؟. بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران.

**شێخ عیزەدین:** من دەزانم هەموو خەباتێک هەورازو نشێوی هەیە، هەموو کارێک بەم جۆرەیە، من بە تێکڕایی بزووتنەوەی میللەتی کورد وا دەبینم کە کورد گەیشتۆتە قۆناخێک هیچ هێزێک ناتوانێ بێدەنگی بکا. دەشێ بۆ بۆماوەیەکی کورت نەتوانێ دەنگ بەرز بکاتەوە،یان نەتوانێ دەنگی خۆی بگەیەنێتە هەموو کەس ،بەڵام ئەوە کاتییە. کورد میللەتێکی زیندووە، هەستی میللی زۆر بەهێزە، هەست بە بەشخوراوی خۆی و پارچەپارچەکراوی خاکەکەی دەکا، ئەم هەستە لە هەموو لایەکی کوردستاندا لای هەموو کوردێک هەیە. بەبڕوای من ئەو ڕەش بینییەی باسی دەکەن دروست نییە، بەبڕوای من هەمیشە ئاسۆ ڕووناکە، بەڵام دەبێ خەباتی زۆرتر بکەین، دەبێ نەوەستین. من پێم وایە ئیتر هیچ کاتێک ئاشبەتاڵ بەسەر بزووتنەوەی میللەتی کوردا نایە،تازە هیچ هێزێک، هەرچەند مەزنیش بێ، ناتوانێ کورد بێدەنگ بکا.

> **من پێم وانییە جەمهوری ئیسلامی هیچ مافێک بدا، دەبێ شەڕی بکرێ تا لەناو دەبرێ، ئەگینا هیچ چارەیەکی تری نییە.لەو باوەڕشدام کە لەناودەچێ،**

من بێ هیوانیم،بەخەیاڵی کێ دا دەهات دیواری بەرلین بە فوو بڕوخێ؟ بە بای هەستی خەڵک بڕوخێ. بە خەیاڵی کێ دا دەهات ئەو بزووتنەوەی کە ئێستا لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوایە بەم جۆرەی لێ بێ.دنیا لە گۆڕاندایە، ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی ئەم ساڵانە لەبواری پێشبینی کردندا نین.
ئێستا دەنگی کێشەی میللەتی کوردیش گەیشتۆتە هەموو لایەکی جیهان و خەڵک بەرگری لێ دەکەن، چ بە هۆی مافی مرۆڤەوەبێ یان بە هەر شێوەیەکی تر. من بڕوام بەو ڕەشبینییە نییە. دیارە کۆسپی زۆرمان لەسەر ڕێگا هەیە، ماندووبوون هەیە بەڵام ئەوە هەمووی کلاتییە، من دەڵێم دەروونی میللەتی کورد زیندووە، بۆ نموونە کوردستانی ئێران ، کەمن خەڵکی ئەوێم و خەباتەکەشم پەیوەندی بەو پارچەیەوە هەیە.ئێستا لەدەروونی خەڵکداو ڕاستە ڕەنگە خەڵک گلەییان هەبێ لە ڕێکخراوە سیاسییەکان ،بەڵام ڕژێم بنکەی لەناو خەڵکدا نییە، خەڵک بە هیچ جۆر ڕژێمی ناوێ، تۆ ناتوانی دە کەس لە گوندێکدا ببینی کە بەدڵ ڕژێمیان خۆش بوێ.لە شارە گەورەکان ناتوانی پێنج سەد کەس بدۆزیتەوە کە بەدڵ لایەنگری ڕژێم بن، زۆرکەس هەیە کە دەنگ ناکەن ، یان ڕەنگە وەک هاوکاری ڕژێمیش دیارین بەڵام دڵیان لەگەڵ ڕژێم نییە. ڕۆحی میللی لای خەڵک زیندووە خەڵک بە هەر شێوەیەکی بۆی بکرێ بەربەرەکانی دەکا.ئێستا ئەگەر تواناشمان زۆر نەبێ ئەوا ڕۆحییەتەکە نەفەوتاوە، وەک بورکان هەر کاتێک بێ سەرهەڵدەدا.

بەڵام من باوەڕم وایە کە دەبێ شێوەی خەباتی خۆمان بگۆڕین. ئێمە تا ئێستا هەر دەستمان داوەتە چەک و ڕوومان کردۆتە شاخ و دوایی شتەکە گەورەبووە. ئێستا دنیا گۆڕاوە، دەبێ شێوەی ڕەسەنترمان هەبێ بۆ خەبات، دەبێ لایەنی سیاسی زیاتر بایەخی پێبدرێ، دەبێ خەڵک پەروەردەبکرێ، واتە دەبێ خەڵکەکە بگۆڕی،دەبێ خەباتی سیاسی پێش خەباتی چەکداری بێ. دەبێ ڕێکخستن ئەوەندە بەهێز بێ کە دەستمانکرد بە شۆڕش ، شۆڕشەکە سەرتاسەری بێ. مەبەستم ئەوە نییە دەست لەم خەباتەی ئێستا بەردەین و ڕاوەستین، بەڵام دەبێ بەخۆماندا بچینەوە دەبێ بزانیین هەڵەکانمان چییە تا ڕاستییان بکەینەوە.وەستان گوناحە، وەستان کفرە. ئینسان تا زیندووە دەبێ بڕوا، ئەگەر ئێمە وەک میللەت نەژین، ژێر دەستی و دیلی ژیان نییە. من بۆخۆم دووجار هاتومەتە سوید لە هەردوو جارەکەدا من دووهەستی دژ بەیەکم هەیە، جارێک هەست بە بەختیاری و دڵخۆشی دەکەم کە ئەم میللەتەی ئێرە چۆن کاریان بۆ نیشتمانی خۆیان کردووەو ژیان و گوزەرانیان چەند ڕێک و پێک و خۆشە، بەڵام لە لایەکی تر هەست بە دڵ تەنگی و ناڕەحەتی دەکەم کە بەراوردی ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتەکەی خۆم دەکەم، کەبیر لە ژیانی میللەتی خۆمان دەکەمەوە فرمێسکی خوێنین دەرێژم.
نابێ لە خەباتکردن ماندوبین، ڕێنگە هەندێک دانیشن، بەڵام کۆمەڵێکی تر دەست پێدەکەن،بەڵام مەرج ئەوەیە کە شێوەی خەباتی خۆمان بگۆڕین زیاتر بایەخ بە لایەنی سیاسی بدەین.کورد ئیتر دانانیشێ، مەرج ئەوەیە ڕێکخراوەکان بۆ کورد خەبات بکەن هەر بیروڕایەکیان هەیە بەلای منەوە ئەوە نابێتە کۆسپ، با کۆمۆنیست بێ،ئەوە گیروگرفت نییە، ئەگەر ڕێکخراوێک لای وایە بەڕێی کومۆنیستی خەبات سەردەکەوێ،

www.arsivakurdi.org

دەکەن.ئەوتوانایەی لە گشت ڕوویەکەوە دژی یەکتر بەکاری دێنن دەتوانن دژی دوژمن سوودی لێوەربگرن.دژی دوژمنی هاوبەش کە جەمهوری ئیسلامییە، جەمهوری ئیسلامی دوژمنی هەموویانە، هەموویان دەکوژێ و هەمووشیان بە بچووکی خۆی دەزانێ . جا من پێم وایە گەر کەمێک بیربکەنەوە لە کوردستان کەس حوکمدار نییە، حوکمدار جەمهوری ئیسلامییەو ئەمان هەموویان ئۆپوزسیونن و خەریکی مبارەزەن لەگەڵ جەمهوری ئیسلامی .ئەگەر ئەوانە ناتوانن لە ئیمڕۆدا بەرە دروست بکەن دەبێ بەلایەنی کەمەوە دەست لەشەڕی براکوژی هەڵگرن و بەڕەسمی یەکتر بناسن. ئومێدەوارم بەم ئامانجە بگەین، لەم ڕووەوە هەوڵمان زۆرداوە، ئێستا هەندێک لە هێزەکان ئامادەن بۆ هاوکاری کردن ،بەلاّم هەندێکیان هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو قۆناخە،هیوادارم ئەوانیش بێنە سەر ئەم ڕایە.

ئێستا، لە کوردستانی عێراق، کە بەرە هەیە،ئەگەر گریمان ئەوبەرەیە هیچ سوودیشی نەبێ . بەپێچەوانەوە سوودی یەکجار زۆرە . ئەوا ئەوە بەسە کە بە هۆی ئەم بەرەیەوەپەیوەندییان لەگەڵ یەکتر باش بووەو شەڕی براکوژییان لەناودا نەماوە.بۆیە بەرە کارێکی گەورەیە.

بەربانگ: هەندێک لایان وایە دوای نەمانی خومەینی لەئێراندا گۆڕان ڕوودەدا، هەندێک لایان وابوو دەتوانرێ کوردو حکومەتی جەمهوری ئیسلامی ڕێکەوتننامە مۆر بکەن . ئایا ئێوە چۆن سەرنجی ئەم بارە دەدەن.

شێخ عیزەدین: پێش هەموو شتێک بە مردنی خومەینی کۆسپی هەرە گەورە لەسەرڕێی ئازادی و دیموکراتی لاچوو. چونکە خومەینی کۆسپێک بوو لەسەر هەموو شتێک کە مانای مرۆڤایەتی تێدابێ.هەم لەباری مەزهەبییەوە، هەم لەباری دیموکراسییەوە....

بەلاّم ئایا ڕژێم گەیشتۆتە ئەوقەناعەتە کە

**تاقیکردنەوە پیشانی داوە کاتێ کە ڕێکخراوێکی کوردی چۆتە ژێر باڵی سازمانێکی تری سەرانسەرییەوە، هەمیشە ئەو سازمانە کوردییە زەرەری کردووە.**

ئالّوگۆڕێک لە خۆیدا پێک بهێنێ. ئەوە بڕێک چەشم ئەندازەکەی دوورە، بەلاّم لەناو دەروونی ڕژێمدا چەند باڵێکی جۆراوجۆر هەیە کە هەر یەکە کاری ئەویتر خراپ دەکا، لە ڕاستیدا هەمرو ئەوانەی لە ئێرانەوە دێن ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئێران یەک ڕژێم نییە، بەڵکو چەند حکومەتێکە لەدەروونی جەمهوری ئیسلامیدا.

ئێستا کە باڵەکەی ڕەفسنجانی زاڵە، ئەوانیش جۆرەها گیروگرفتییان لەسەر ڕێگایە،هەندێ جار لەبەر ئەوە ڕەفسنجانی تووشی دووڕوویی دەبێ لە قسەکانیدا، هەندێ جار کە فشاری بۆ دێ لە هەندێ ووتەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە. بە پێچەوانەی ئەوانەی پێیان وایە ڕەفسنجانی پاک و سادەیە، دەڵێم ڕەفسنجانی زۆر فێڵبازو کەڵەک بازە، زۆر شت دەڵێ کە خۆی باوەڕی پێ نییە، بەڵکو تەنیا بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆی دەیڵێ. لە هەل و مەرجی ئێستادا، من لام وانییە کە حکومەت بتوانێ بەو زووانە ئالّوگۆڕ لەناو خۆیدا پێک بهێنێ،باڵە توند ڕەوەکەش لەناو حوکمدان و ڕەفسنجانی ناتوانێ وا بەئاسانی لەنێویان ببا. هەروەها خامەنائی یاری خۆی دەکا، هەر جارەی لایەنگری لایەکەو بە قازانجی خۆی پارسەنگی نێوان ئەو بالاّنە ڕادەگرێ .

بۆ مەسەلەی سازش، ڕێکەوتن، جەمهوری ئیسلامی حکومەتێکی کۆنەپەرستە، مەزهەبییەکی تۆخە،مەزهەبی شیعەیە،شیعەش زیاتر توندڕەون لە حوکمدا. جیاوازی نێوان سوننە و شیعە لە حوکمدا ئەوەیە کە سوننە حکومەت بە هی خەڵک دەزانێ و ڕەهبەری حکومەت بە نمایندەی خەڵک دەزانێ، دەتوانرێ ڕەخنەی لێ بگیرێ، دژی کاربکرێ، ئەگەر خراپیش بوو دەتوانرێ لاببرێ،چونکە لەلایەن خەڵکەوە بە هەڵبژاردن دانراوە. بەلاّم شیعە لای وایە سیلسیلەی مەراتیب لای خواوە هاتووە، خودایەو

پێغەمبەرەو ئیمام نائیبی پێغەمبەرەو خومەینیش نائیبی ئیمامە . کەوابوو سەرپێچیکردنی خومەینی سەرپێچیکردنی ئیمامەو سەرپێچیکردنی ئیمام سەرپێچیکردنی پێغەمبەرەو سەرپێچیکردنی پێغەمبەر سەرپێچیکردنی خودایە. واتە کەسێک کە سەرپێچی خومەینی یان خامەنایی بکا ئەوە سەرپێچی خوا دەکا.کەوابوو ئەوی ئیسلام بێ ناتوانێ هەناسەبدا. بەلاّم بە پێچەوانەوە لە ئیسلامدا ڕەخنە لە گەورەترین کەسی دەوڵەت گیراوە، بۆنموونە ڕەخنە لە ئەبوبەکر و عومەر گیراوە،ڕەخنەی زۆر توندیشیان لێگیراوە. مادام لە ئیراندا «ولایەتی فەقی» حوکم دەکات من پێم وانییە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕووبدا کە ئەو ئازادییەی خەڵکی ئێران دەیەوێ مسۆگەر بکرێ.

ڕەنگە گۆڕانکارییەکی ڕووکەشی کەم ڕووبدا، بەلاّم ئەوەی خەڵک دەیەوێ ئەوە نابێ. ئینجا لە مەسەلەی گفتوگۆو ڕێکەوتندا هەمیشە خومەینی گوتویەتی میللیەت دژ بە ئیسلامە، کفرە. خۆ هێشتا قسەکانی خومەینی ماوەو وەسێتنامەکەشی ئەڵێ وەرنەوە باوەشی ئیسلام، ئەو وەسێتنامەیە بنەڕتی کارکردنی دەوڵەتە. گۆڤارێکی سوپای پاسداران کە لە ورمێ دەردەچێ دەقی وەسێتنامەکەی بلاّوکردبۆوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بزانن کە هیچیان نادەنێ، دەلیل بۆ ئەمە ئەو جینایەتە بوو کە لەم دواییەدا ئەنجامیان دا، خۆ ئەوە ناجەوانمەردانەترین جینایەت بوو، کە بەناوی ڕێکەوتنەوە ، لەگەڵ سەرکردەیەک، نەک لە سەر مەرز ،بەڵکو لە ولاّتێکی ئەورووپایی، لەوێ لەبری گفترگۆ ئەو شەخسیەتە گەورەیە تیرور بکا.

بەربانگ: ئایا مەبەستتان لە د.قاسملووە؟

شێخ عیزەدین: بەڵێ مەبەستم لە د.قاسملووە، ئەوە جینایەتەو جینایەتێکی نا جەوان مەردانەشە. چۆن چاوەڕێی ئاشتی و ڕێکەوتن لە حکومەتێکی وا دەکرێ.من باسی ئەوە ناکەم ئایا چوونەکەی قاسملوو باش بوو یان خراپ بوو، یان دەبوایە بچێ یان نەچێ؟ ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەلاّم ئەو شێوە

سازمانێکی تری سەرانسەرییەوە، هەمیشە ئەو سازمانە کوردییە زەرەری کردووە. چونکە گەر لە حیزبە سەرانسەرییەکەدا دیموکراتی موتڵەقیش هەبێ ئەوا کورد لەناویدا کەمایەتییەو دەبێ مل بۆ زۆریە کەچ بکا کە کوردنین. لەم چل پەنجا ساڵەی رابوورودووا دیومانە کە هەمیشە سازمانە سەرتاسەرییەکان فێڵیان لەو سازمانە کوردییانە کردووە کە چوونەتە ژێر باڵییانەوە. زۆر جار ئەو رێکخراوە سەرتاسەرییانە لە سەرانسەری وڵاتدا جێگایان نەبۆتەوە هاتون پەنایان هێناوەتە بەر گەلی کوردو کێوەکانی کوردستان و بەهەر شێوەیەک بێ گوتویانە کورد مافی خۆی هەیە، بەڵام هەموو کاتێ مەسەلەکەیان بە سوودی خۆیان بەکارهێناوە. بۆیەمن لەسەر ئەو باوەڕەم کە دەبێ کورد لە کوردستان حیزبی سەربەخۆی خۆی هەبێ و لە هەمان کاتیشدا دەبێ لەپاڵ کێشەی نەتەوایەتییەوە لەلایەن ئەو حیزب و رێکخراوانەی کوردستانەوە کێشەی چینایەتیش پشت گوێ نەخرێ، کێشەی ئێمە هەر ئەوەندە نییە کورد بە زمانی خۆی بخوێنێ، نا بەڵکو کە کوردستان ئازاد بوو دەبێ مافی چینە بەشخوراوەکانیش رەچاوبکرێ، نەک جارێکی تریش توخمە کۆنەپەرست و دەرەبەگ و سەرمایەدارەکان بێنەوە سەرحوکم .

لەهەمان کاتدا کە بروام بە سەربەخۆیی رێکخراوە کوردییەکان هەیە،هێزەسیاسیەکانی کوردستان دەبێ هاوکاری بکەن لەگەڵ گشت هێزە کانی ئێران چالاکی بنوێنن بۆ روخاندنی رژێم، چونکە ئەو ئامانجە تەنیا بەکورد نایەتەدی.هاوکاری کردن پێویستە بەڵام نابێ هیچ کاتێک میللەتی خۆمان فەرامۆش بکەین.

باوەڕێکی وا هەیە کە هەمیشە میللەتی سەردەستە، حیزبەکانی میللەتی سەردەستە، بڵاوی دەکەنەوە کە میللییەت باوی نەماوەو کۆن بووەو کاتی بەسەرچووەو ئێستا دەور دەوری ئینتەرناسیونالیستە. ئەمە درۆیە فریودانە چونکە بۆیە وادەکات کە میللەتی حاکم پێویستی بە ناسیونالیست نییە، ئەو میللەتەکانی تری خستۆتە ژێر چەپۆکی خۆیەوە،ئەو لەڕووی میللییەوە بۆ میللەتی خۆی هیچ کەموکوڕی نییە. ئەو بۆ دیفاع لە میللییەت بکا؟ ئەو بۆیە دەڵێ مەسەلەی میللییەت هیچ نییە بۆ ئەوەی کە کوردەکە

## دروشمی خودمختاری«ئۆتۆنۆمی» دروشمێکی کۆنە، کاتی بەسەر چووە.

لە بیری میللیەت دوور بخاتەوەو دەست بەرداری مافە میللییەکانی خۆی بێ، ئەگەر میللەتی فارس ڕاست دەکەن با هەر کەس بە زمانی خۆی بخوێنێ، ئایا ڕێگای ئەمە دەدەن؟ نا. ئەوە فریوە. جا بە داخەوە کوردێکی نا تێگەیشتوو لە هەر پارچەیەکی کوردستان لەژێر کاریگەرێتی ئەو پرۆپاگەندەیەدا پێی وایە کە ئەگەر بڵێ من میللییەتم هەیە، بڵێ دەبێ کوردیش مافی چارەنووسی خۆی هەبێ، ئەوا دەترسێ کە بە کۆنەپەرست و ڕاستڕەو و دواکەوتوو تاوانباری بکەن، لەبەر ئەوە دەڵێ نا بابە میللییەت هیچ نییەو باوی بەسەرچووە .لەبەر ئەوە من پێم وایە هەر سازمانێک ،هەر ڕێکخراوێک لە کوردستاندا نکوڵی لە مافی میللی کورد بکات ئەوا زەرەر دەکا و لە ناو دەچێ.

بە واتایەکی تر، هەر تۆوێک، هەر بیروڕایەک لە کوردستان بچێنرێ ، مادام بە ناوی کوردایەتی ئاونەدرێت، بەشنەبای هەستی میللی پەروەردە نەکرێ نەگوڵ دێنێ نە بەر دەگرێ.

من دژی ئەوە نیم کە ڕێکخراوەکانی میللەتی کورد لە هەریەکێ لەپارچەکانی کوردستاندا لە گەڵ ڕێکخراوەکانی گەلەکانی تردا هاوکاری بکا، بەڵام بەو مەرجەی خۆی فەرامۆش نەکا، لەهەمان کاتدا با خۆی بەبەشێک لە میللەتی کورد بزانێ.

**بەربانگ:** لە بەشەکانی تری کوردستان، لە هەر پارچەیەکدا چەند پارتی و ڕێکخراوی سیاسی هەیە.بەڵام لە کوردستانی تورکیا بەرەیەک هەیە بەناوی تەڤگەر، لەکوردستانی عێراق بەرەی کوردستانی عێراق هەیە، هەروەها لە کوردستانی سوریاش چوار پارتی پێکەوە هاوکارییەکی چوارقۆڵییان هەیە، بەڵام، بەداخەوە، تا ئێستا لە کوردستانی ئێران بەرەیەکی کوردستانی دروست نەبووە . ئایا بەڕای ئێوە توانای دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی هەیە لەنێوان هێزە خەباتگێڕکای کوردستانی ئێراندا.

**شێخ عیزەدین:** جارێ با سەرنجی ئەوە بدەین کە بەرە لە حیزب و ڕێکخراو پەیدا دەبێ، لە کوردستانی ئێران بە پێچەوانەی بیروباوەڕی هەندێک، ئەحزاب و گروپی جۆر بەجۆر هەیە.ڕاستە هەیە گەورەیەو هەیە بچوکە بەڵام زۆرن و جیاواز جیاوازن. بۆ نموونە کۆمەڵە ، پارتی دموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کە لە دیموکرات جیابوونەوە هەروەها بەرەی یەکگرتووی کوردستان و سازمانی خەبات و... هتد. ئەمانە دەتوانن بۆخۆیان بەرەیەک دروست بکەن. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا دوو بەربەست لەبەردەم ئەم کارەدایە، یەکێکیان شەڕی براکوژی نێوان ئەو هێزانەیە، کە تا براکوژی لەنێوانیاندابێ ناتوانن هیچ بکەن، دووەم ئەوەیە کە هێندێک لەوانە خۆی بە گەورەتر دەزانێ لەوانی ترو چاوی بەرایی نایە لە غەیری خۆی کەسی تر ببینێ ،ئیتر ئەوە بەرە لەگەڵ کێ پێک بهێنێ. بۆیە من لام وایە لە هەل و مەرجی ئێمڕۆدا بەرە دامەزراندن ئاسان نییە. مەگەر بەرەیەکی بچووک لەلایەن ئەو هێزانەوە دروست بکرێ کە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتری باشە، هەروەها دەبێ هەوڵبدرێ بۆ ئەوەی لە ئایندەشدا بەرەیەکی فراوان دروست بکرێ، بەڵام ئێستا ئەگەر بەرەش نەبێ دەبێ کاربکرێ بۆ ئەوەی برا کوژی نەمێنێ و پەیوەندی ئاسایی لەنێو گشت هێزە سیاسییەکاندا دروست بێ. گەر هاوکارییان لەنێوانداببێ زیاتر دەتوانن کاربکەنە سەر رژێم و هەروەها زیاتر خەڵک باوەڕیان پێدێنێ و کاریان لەگەڵ

www.arsivakurdi.org

خەباتێکی تێدایە کە جیاوازە لەو جۆرەی لە بەشەکانی تردا هەیە. ئەوە مانای ئەوەنییە کە جیاوازن ، دوورن لەیەک . بەڵکو دەبێ یەکتریان خۆش بوێ، هاوکاری یەکتر بکەن، چونکە لە هەرپارچەیەکی کوردستان سەرکەوتنێک هەبێ کاریگەرێتی بۆسەر پارچەکانی تریش هەیە و هەر هەرەس و شکستییەکیش بە هەمان شێوەی کاریگەرێتی خۆی دەبێت بۆسەر تەواوی بزووتنەوەی میللەتەکەمان، ئەمە چونکە خەڵکەکە هەمووی خۆ بە یەک پارچە دەزانێت.

بە بڕوای من دروشمی خودمختاری«ئۆتۆنۆمی » دروشمێکی کۆنە، کاتی بەسەر چووە،من لێرەدا کارم بەسەر حسابی دەوڵەتەکانەوە نییە، گەر دەوڵەت خودمختاریم بداتێ وەریدەگرم، بەڵام ئەوە دوا مەبەستی من نییە، بەڵکو دروشمی ئێمە دەبێ دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنووس بێ بۆ کوردستان، جا مافی چارەنووس لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێتەدی ئەوە هەنگاوێکە بۆ ئازادبوونی پارچەکان تریش. من بۆخۆم دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنووس بەرزدەکەمەوەو باوەڕیشم پێ یەتی. بەڵام مافی بڕیاردانی چارەنووسیش هەر جیابوونەوە ناگەیەنێ، ئەگەر حکومەتێکی دیموکراتی هەبێ و مافەکانی گەلی کورد بدات بۆ جزێندەبەوە، یان ئەگەر ئەو بەڕاستی دیموکراتی بێ و کورد ئارەزووی لە جیابوونەوەبێ بۆ ئەو دەبێ دژی ئەم ئارەزووە بێ، واتە دەبێ مافی جوێ بوونەوە یان جوێ نەبوونەوە دەبێ بەدەست خۆمان بێ و خۆمان بڕیاری چارەنووسی خۆمان بدەین.دیارە ئەمە پەیوەندی بە هەڵ و مەرجی کات و سەردەمەوە هەیە.من دەڵێم کورد ،وەک هەر میللەتێک ، مافی خۆیەتی گەر بخوازێ جیابێتەوە یان نا دەبێ مافی بڕیاردانەکە بەدەست کورد بێ. من پێم وایە میللەتی کورد یەک میللەتە. و دەبێ خەبات بۆ ئەو دروشمە بکەین. دروشمی خودمختاری دروشمێکی نوێیەو ماوەی چل پەنجا ساڵێکە ئەو دروشمە بووە بەباو، لەمێژووی خەباتی کورددا، ئەم دروشمەنەبووە، ئەوانەی لە رابوردوودا خەباتیان کردوە بۆ سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان و بۆ رزگاری ئەم میللەتە ئەم دروشمەیان نەناسیوە. دروشمی خودمختاری دروشمێکی پیرۆزنییە وەک هەندێک وای دادەنێن کە پیرۆزەو نابێ دەستکاری بکرێ. بەلام وەک گوتم گەر ئیمرۆ خودمختاری بدرێ وەری دەگرین.

لێرەدا مەسەلەی دیموکراتی دەمێنێتەوە، من بەتەواوی ئیمانم بە دیموکراتییەتە. دیکتاتۆری لە هەر قاڵبێکدابێ، گەر مەزهەبیبێ یان پرۆلیتاری یان هەر شێوە دیکتاتۆرییەکی تر بێ من مەحکومی دەکەم. من پێم وایە مرۆڤ بە ئازادی لەدایک بووە و دەبێ بەئازادی بژی و بەئازادی بمرێ. مرۆڤێ کە ئازاد نەبێ مرۆڤ نییە.ئازادی حەقی مەشروعی هەموو مرۆڤێکە، چ لە ئێران و چ لە هەر شوێنێکی تری ئەم جیهانە بەرینەدابێ. ئازادی سنووری بۆ نییە، ئازادی بیروباوەڕ، ئازادی چاپەمەنی،ئازادی لەهەر شتێکدا، مافی هەر مرۆڤێکە کە ئازادی خۆی هەبێ، تەنانەت بە نێوی مەزهەبەوە نابێ ئازادی مرۆڤ زەوت بکرێ. بەهیچ جۆرێک دیکتاتۆری لەگەڵ مانای مرۆڤایەتی رێک ناکەوێ.من بڕوای تەواوم بە ئازادی هەیەو لە هەمان کاتیشدا ئەم باوەڕەی خۆم بە خیلافی باوەڕی ئاییینیم نازانم.



**بەربانگ:** ئەی بۆ خەبات لە نێوان هێزە سیاسییەکوردییەکان و هێزەسیاسییەکانی تری ئێران، هێندێک تائێستاش زۆر باوەڕیان بەوە هەیە کە دەبێ هەموو پێکەوە خەبات بکەن و هەندێکیش کەمتر لەسەر ئەم باوەڕەن. ئێوە دەڵێن چی؟

**شێخ عیزەدین:** ئەم پرسیارە دەکەین بە دوو بەشەوە، کورد، بەبڕوای من، لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا کە خەبات دەکا، دەبێ سازمان و ڕێکخراوو حیزبی سەربەخۆی خۆی هەبێ. دەبێ رێکخراوێکی هەبێ کە بەتەواوی سەر بە گەلی کوردبێ. تاقیکردنەوە پیشانی داوە کاتێ کە رێکخراوێکی کوردی چۆتە ژێر باڵی

## چاوپێکەوتن لەگەڵ

# خەباتگێڕ شێخ عیزەدینی حوسەینی

رۆژی ١٩٨٩/١١/٢٦ لە سوید ئەو چاوپێکەوتنە، لەگەڵ خەباتگێڕی کورد ،مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی، کراوە، سەبارەت بە بارو دۆخی ئیمڕۆی کوردستانی رۆژهەلأت.

**بەربانگ:** مامۆستا شێخ عیزەدین تکایە ئەگەر دەتوانن بە کورتی باسی کوردستانی ئێران بکەن بۆ خوێنەرانی «بەربانگ».

**شێخ عیزەدین:** مەسەلەی کوردستانی ئێران،ئێستا لە قۆناخێکی تایبەتیدایە. دەتوانم بڵێم لە ماوەی ئەو دەساڵ شۆڕشەدا کە شۆڕشی ئێران کراوەو شۆڕش لە ئێران دەستی پێکردووە لەبەر ئەوەی کە ماوەیەک کوردستان ئازاد بووەو لە ژێر دەستەلأتی رژێمدا نەبووە وجێی هەموو هێزە سیاسییە جۆراوجۆرەکای ئێران بووەو عەقائیدی جۆراوجۆری تێدا بلأو بۆتەوە، کوردستانی ئێستا لەگەڵ کوردستانی پێشوو جیاوازی یەکجار زۆرە. خەڵک بیرێکی بەرفراوانی هەیە سەبارەت بە کێشەکان. بە دیدگایەکی باشتر و تێگەیشتووانەتر تەماشای هەر مەسەلەیەک دەکات. لە هەردێیەک یان لەهەر جێگەیەک بچی لە خەڵک بپرسی و باسی کێشەکانی لەگەڵ بکەیی ئەوا دەزانی ،کە بەپێچەوانەی جارانەوە، درک بەزۆر شت دەکا و سەری لێیان دەردەچێ. بەڕاستی ئەو ماوەیە کە کوردستان ئازادبوو، چالاکی سیاسی و پێشمەرگایەتی بەهێز بوو، تەنیا یەک حیزب لە کوردستان نەبوو ،بەڵکوو چەند حیزب و گروپی سیاسی هەموو لە کوردستان خەباتیان دەکرد، هەر لەچەپ تا ڕاست و تا ئیسلامییەکان هەموو خەریک بوون. ئەوە کاریگەرێتی زۆر بوو بۆ سەر میللەتی کورد. میللەتی کورد وەک میللەت سەیری خۆی دەکا لە کوردستانی ئێران. کورد لە کوردستانی ئێران ،ئێستا پێ ی وایە میللەتێکە کە فەرهەنگی تایبەتی خۆی هەیە،سەربەخۆیە، دەبێ مافی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆیەوەبێت.

رژێم چەند ساڵێکە کوردستانی شێواندووە، بەلأم نەیتوانیووە ڕۆحییەتی خەڵک تەسخیر بکا، واتە نەیتوانیوە خەڵک بۆلای خۆی رابکێشێ. خەڵکێکی زۆر کەم وەک جاسوس و جاش لەگەڵ دەوڵەتە. ئەوە دەتوانین بە شتێکی زۆرئیجابی وەربگرین کە بەڕاستی بیروباوەڕی کوردایەتی لەناو خەڵکدا پێگەیشتووە، بەتایبەتی لەناو لاواندا. ئەو لاوانەی کە ئێستا لە کوردستان پێگەیشتوون، لە ڕوانگەیەکی تایبەتییەوە دەڕواننە مەسەلەی کوردستان و کێشە سیاسی و ئابوورییەکان.دەتوانم بلێم ڕوانین و بۆچوونی ئەوان لەهەندێ لەو حیزبانەی کوردستان پێشکەوتووانەترن.

لەڕووی چالاکی سیاسییەوە، هەم کۆمەڵەو هەم حیزبی دیموکرات و سازمانەکانی تریش چالاکی سیاسییان هەیە، بەتایبەتی کۆمەڵە چالاکییەکی قوڵترو کاریگەرتری هەیە. کۆمەڵە دەتوانێت خەڵک بگۆڕێ.هەروەها خەباتی چەکداریش هەیەو لەم دووساڵەی ڕابوردوودا ،کە ئێستا شەڕی ئێران و ئێراقیش راوەستاوە، پێشمەرگە لە قولأیی کوردستاندا، هەرکوێ ی بوێت چالاکی خۆی تێدا ئەنجام دەدا، زیانی گەورە بە دەوڵەت دەگەیەنن.

بەلأم بەداخەوە، لە کوردستاندا، گیروگرفتێک هەیە، ئەویش ناکۆکی نێوان هێزە سیاسییەکانە، بە تایبەتی بەگژیەکداچوونیان و برا کوژی نێوانیان.ئەوە گیروگرفتێکە کە تارمایی خستۆتە سەر ڕەوشی کوردستان، خەڵک زۆر بەوە ناڕازییە، دەڵێن چۆن کە پێشمەرگە بۆ خزمەتی کوردستان سنگی خۆی بە گوللەوە دەنێت، چۆن دەبێت پێشمەرگەی هێزێکی تر بیکوژێ. یان ئەو پێشمەرگەیەی لەشەڕی پاسدار دەگەڕێتەوە دەکەوێتە کەمینی پێشمەرگەی هێزێکی ترەوەو دەکوژرێ. ئەمە کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەیە لەسەر خەڵکەکە.من ئومێدم هەیە لە ئایندەدا هەوڵبدرێ بتوانین ئەم ناکۆکییە لەناوبەین. ئێستا کۆمەڵەو ئەو بەشەی لەحیزبی دیمکراتی کوردستانی ئێران جیابۆتەوە« ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ» شەڕی نێوانیان ڕاگرتووە، بەلأم هێشتا باڵەکەی تری حیزبی دیموکرات ئەو ئاگربەستەی پەسەند نەکردووە، جا بەڵکو لە کاتێکدا ئەویش بێتە سەر ئەو ڕێگایەو ئەم گیروگرفتە« شەڕی براکوژی لە کوردستانی ئێراندا » کۆتایی پێ بهێنرێ.

**بەربانگ :** دروشمی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، لەلای هەندێک دیموکراتی بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستان، لەلای هەندێک مەسەلەکە بەستراوە بە سەرانسەری ئێرانەوە، ئێرانێکی کۆمۆنیست ، ئێرانێکی دیموکرات . ئایا مەسەلەی دروشم بەلای ئێوەوە چۆنەو دەبێ بزووتنەوەی کورد لەو بەشەدا چ دروشمێک بەرز بکاتەوە.

**شێخ عیزەدین:** بە بڕوای من شتێک هەیە کە هەندێک لەبەر هەندێ بەرژەوەندی ناتوانێ بیڵێ، ئەویش ئەمەیە، کورد یەک میللەتە،میللەتێکی بیست و پێنج ملیۆنی یە و کوردستانیش خاکی ئەو میللەتەیە، بەلأم بەداخەوە کوردستانیش پارچەپارچەکراوە، بەهۆی ئەم دابەشکردنە لەلایەن ئیمپریالیزم و داگیرکەران و زورداران وای لێهاتووە کە لە قۆناخی ئێستادا، کە هەر پارچەیەکی کوردستان جۆرە

www.arsivakurdi.org

# لـەم ژمارەیــەدا


بەشی کرمانجی ژووروو لەگەڵ دملی (زازایی)
لاپەرە ٢-٣٤


## کرمانجی خواروو


٦٥- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ خەباتگێر شێخ عیزەدینی حوسەینی.
٥٨- گوڵبژێرێک لە پەخشانەکانی کارۆ.
٥٧- سیمیناری پرۆفیسۆر م.س.لازارێف
٥٣- لازارێف ئەڵێ چی؟ ...... رەخنە.
٥٠- گۆشەی تەندروستی.
٤٧- رێگای هەق: رەزا عەلەوی. وەرگێرانی: رێبوار سیوەیلی.
٤٣- حەمە عومەر عوسمان... شاعیری عیشق و پایز و غوربەت... رەخنەی ئەدەبی- نووسینی: کامەران شەوقی.
٣٩- نامەیەکی دۆستانە بۆ نووسەرانی جیهان... یەکێتی نووسەرانی کورد لە سوێد.
٣٨- ئاوێنە بچکۆلەکان- شیعر: شێرکۆ بێکەس.
٣٧- دووی رێبەندان- شیعر: سوارەی ئێلخانی.
٣٦- لە سایەی چەقۆدا- شیعر: حەمە سەعید حەسەن.
٣٥- چاپکراوی نوێ.



# بـەربـانـگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد

بەرپرسیار
**کەیائیزۆل**

سەرنووسەر
**دارا رەشید**

دەستەی نووسەران
**ئاسی رەباتی  ئاسۆ گەرمیانی**
**م. مایی  میرهەم یەکێت**
**خەلیل دهۆکی  ن. کریف**
**س. رێڤینگ**

ئابونەی ساڵانە: ١٠٠ کرۆنی سوێدییە
بۆ دەزگاکان ٢٠٠ کرۆنی سوێدییە

دەستەی نووسەران بەرپرسیار نیە لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن و لەو نووسینانەی بە ئیمزای خاوەنەکانیان بڵاودەکرێنەوە.



**ناونیشان:**

BERBANG
Box 45205
104 30 STOCKHOLM

**تەلەفۆن:**

08- 668 60 60

**پۆستگیرۆ:**

64 38 80-8



**ژمارە ٦٢ ساڵ (٩)**
**کانوونی دووەم / ١٩٩٠**



دایکی کوردستان - -  ج . کوردۆ

www.arsivakurdi.org

# بەربانگ

ژمارە ٦٢ گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد ساڵ «٩»



## شێخ عیزەدینی حوسەینی :

## دروشمی ئۆتۆنۆمی کۆن بووە ، باوی نەماوە .

www.arsivakurdi.org